Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

10.24271/jgu.2023.10101

# ڕاڤەیەکی سۆسیۆلۆژی بۆ پەرگیری هزریی "هۆاکر و ڕواڵەت و کاریگەریکانی "

**ئاسۆ ابراهیم عبدالله ، هیوا یاسین محمد**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان،زانکۆی سلێمانی

***Article Info***

Received: October, 2022

Revised: December, 202

Accepted: April, 2023

***Keywords***

پەرگیری، پەرگیری هزری، خێزان، ئایین، پەروەردە، میدیا، توندوتیژی، دەمارگیری.

***Corresponding Author***

## پوختە

ئەم توێژینەوە "ڕاڤەیەکی سۆسیۆلۆژی بۆ پەرگیری هزری - هۆکارو ڕواڵەت و کاریگەرییەکانی"، هەوڵێکە بۆ ناساندنی پەرگیری هزری لە ڕانگەی کۆمەڵناسییەوە، بەهۆی ئەوەی پەرگیری هزری لە ڕابردوو ئێستادا یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە جیهانیانەی بەرۆکی زۆربەی کۆمەڵگاکانی گرتووە و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تاك و خێزان و کۆمەڵگاکان داناوە. سەرەڕای ئەوەی لە کۆمەڵگای نوێدا پێشکەوتن و گۆڕانکاری ئەرێنی لە ژیانی مرۆڤدا بەدی هاتووە, بەڵام هێشتا پەرگیری هزری هەرەشە لە هێمنی و جێگیری خێزان و کۆمەڵگا دەکات، هەربۆیە گرنگە توێژینەوەی لەسەر بکرێت, بە ئامانجی دەرخستنی هۆکارە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئایینی و میدیاییەکانی پەرگیری هزری و زانینی ڕواڵەت و کاریگەرییەکانی لەسەر تاك و خێزان و کۆمەڵگا.

لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی وەسفی شیکاریی بەکارهاتووە. تەوەرەکانی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ناساندنی چەمکی پەرگیری هزری و خستنەڕووی هۆکارو ڕواڵەت و کاریگەرییەکانی، لە کۆتاییشدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێکی گرنگ و بە چەند خاڵێك لە توێژینەوەکەدا خراوەتەرو، لەوانە هۆکارە خێزانیی و پەروەردەیی و دەروونیی و ئایینی و ئابوری و سیاسیی و میدیاییەکان؛ ڕۆڵێکی گەورە و گرنگیان هەیە لە خولقاندن و گەشەسەندنی دیاردەی پەرگیری هزریدا. گرنگترین ئەو ڕواڵەتانەی کەسانی پەرگیری پێ دەناسرێتەوە بریتییە لە: دەمارگیری لە بیروڕا و دۆگمابوون و چەقبەستویی هزریی و زبریی و ڕەقیی و توندیی لە ڕەفتارو مامەڵەکردندا. پەرگیری هزریی، کاریگەری لەسەر هزرو ڕەفتاری تاکەکان دەبێت. هەروەها دەبێتەهۆی لێکترازانی خێزان و نەمانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. کاریگەریشی لەسەر گەشەی کۆمەڵگا دەبێت و نارێکی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵگا دروست دەکات.

## پێشەکی:

ئەگەر پەرگیری هزریی، بەمانا گشتییەکەی بریتی بێت لە بەزاندنی سنووری میانڕەوی یان ناوەندگیری؛ ئەوا پەرگیری هزریی دژ بە بەهای ڕوحی و ئاکارو شارستانییەتی کۆمەڵگاو دژی لۆژیك و بیرکردنەوەی دروستە, ڕیزنەگرتنیشە لە ماف و ئازادییەکانی ئەوانی دیکە, ئاراستەیەکی مەترسیدارە و دەبێتەهۆی لێکترازانی یەکێتی و کیانی کۆمەڵگا و بڵاوکردنەوەی توندوتیژیی و دروستکردنی پشێوی کۆمەڵایەتیی و دەروونیی لە نێو خێزان و کۆمەڵگادا. واتە پەرگیری هزریی دەرچوونە لەیاسا زارەکی و نوسراوەکان و بەها و چواچێوە هزریی و دەستورییەکان کە تاکەکان دیاریان کردووە و پەسەندیان کردووە.

لە کۆمەڵگاکان بە گشتی، پەرگیری هزریی دیاردەیەکی مەترسیدارە لەسەر سەقامگیری کۆمەڵگا, چونکە پەرگیری مرۆڤەکانە لە هزرو ئاراستەو تێڕوانینیان سەبارەت بە بە

کێشمەکێشە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئایینییەکان. بەڵام لە کۆمەڵگای نوێدا، پەرگیری مرۆڤەکان دەبێتەهۆی دەرکەوتنی دیاردەکانی شەڕانگێزیی و توندوتیژیی و تاوان و تیرۆر, ئەمانەش فاکتەری بێ سەروبەری و ناسەقامگیری کۆمەڵگان.

پەرگیری هزریی دیاردەیەکی زیندوو و کاریگەرە، کە هەڕەشە لە ئاسایش و گەشەی تێکڕای کۆمەڵگاکان دەکات، بە تایبەت ئەم دیاردەیە بەردەوام لە مێژوودا دووبارە دەبێتەوە. لە ئێستاشدا گەیشتۆتە ئاستێك پێویستی بە هەڵوێستە لەسەرکردن و لێکۆڵینەوەیەکی ورد و زانستیی هەیە. هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە پەرگیری هزریی، کە بەشێوەیەکی وردو زانستیی و بە پێنج باسی سەرەکی دیاردەی پەرگیری هزریی دەخاتەڕوو. لەباسی یەکەمدا ڕەگەزە گشتییەکانی توێژینەوەکە، لە باسی دووەمدا چەمکی پەرگیری هزریی، لە باسی سێیەمدا هۆکارەکانی پەرگیری هزریی، لە باسی چوارەمدا ڕواڵەتەکانی پەرگیری هزریی، لە باسی پێنجەمدا کاریگەرییەکانی پەرگیری هزری دەخرێتەڕوو. لە کۆتایشدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئەم توێژینەوەیە بەشێکی هەڵهێنجراوە لە تێزی دکتۆرا.

باسی یەکەم/ ڕەگەزە گشتییەکانی توێژینەوەکە

## یەکەم/ گرفتی توێژینەوەکە:

پەرگیری هزریی، یەکێکە لەو گرفت و بابەتە سەرەکییانەی کۆمەڵگا کە بووە بە جێگەی گرنگی پێدانی زانایان و توێژەرانی کۆمەڵایەتیی و دەروونیی، ئەمەش بەهۆی ئەو کاریگەرییە نەرێنیانەی لەسەر تاك و خێزان و کۆمەڵگا بە جێی دەهێڵێت. لەسەردەمی ئێستادا، بەهۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاو ئامرازە جیاوازەکانی گەیاندن- کە ئایدیا و هزرو ئاراستەکان بە خێرایی و لەماوەیەکی کورتدا دەگوازێتەوە- هەروەها دەرکەوتن و کاریگەری هزری گروپە پەرگیرەکان لەسەر هزری تاکەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەت توێژی گەنجان، پەرگیری هزریی بایەخێکی زیاتری پێ دەدرێت.

هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە و لێکۆڵینەوە کردن لەسەر پەرگیری هزریی بە شێوەیەکی ئەکادیمی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فاکتەرەی کە دەرکەوتن و بڵاوبونەوەی ئەم هزرانە لە کۆمەڵگادا دەبێتە ڕێگرلە بەردەم بەدیهێنانی ئامانج و ڕۆڵی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا، واتە لە دۆخێکی ئارام و سەقامگیردا، وەك پێویست ناتوانرێت خزمەت بە بەرژەوەندی تاکەکان بکرێت و ئامانج و داواکاری و پێداویستییەکانیان بەدی بهێنرێت

## دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە:

دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵە کۆبکەینەوە:

1- ئەم توێژینەوەیە، گرنگی ڕۆڵی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەك خێزان و قوتابخانە و دامەزراوە ئایینیی و سیاسیی و میدیاییەکان لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییدا دەردەخات لە پاراستنی تاکەکانی کۆمەڵگا لە پەرگیری هزری و کاریگەرییەکانی و دانانی بەربەست لەبەردەم بڵاوبونەوەی ئەم جۆرە هزرەدا.

2- پەرگیری هزریی، یەکێکە لەو دیاردانەی هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیری و پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگا دەکات، کە کۆمەڵگاکان هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن.

3- بەهۆی کەمی توێژینەوە دەربارەی پەرگیری هزریی، ئەم توێژینەوەیە خزمەتێکی زۆر بە کتێبخانەی کوردی دەکات، هاوکات توێژەران هاندەدات بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی دەربارەی پەرگیری هزریی و کاریگەری و ڕەنگدانەوە نەرێنییەکانی لەسەر کۆمەڵگا.

## سێیەم/ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

هەموو توێژینەوەیەکی زانستیی چەند ئامانجێکی هەیە, کە لەسەر توێژەر پێویستە لە توێژینەوەکەیدا، هەوڵ بۆ بەدیهێنانیان بدات. گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە:

1- زانینی چەمکی پەرگیری هزریی لەڕووی کۆمەڵایەتیی و ئایینییەوە، کە زانایان و توێژەرانی بواری زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە ناساندنی ئەم چەمکە زانستیەدا تێڕوانینی جیاوازیان هەیە.

2- زانینی هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی پەرگیری هزریی و خستنەڕووی ڕۆڵی دامەزراوەکانی خێزان و پەروەردەو فێرکردن و ئایین و میدیا لە بونیادنانی کەسێتی پەرگیردا.

3- خستنەڕووی ڕواڵەتەکانی پەرگیری هزریی، کە خۆی لە دەمارگیری بیروڕاو لاسایی کردنەوە و بەدگومانی و گۆشەگیری و تاکایەتیی لە بیربۆچون و چەندین ڕواڵەتی دیکەدا دەبینێتەوە و تاکەکان بۆ پەرگیری هزری ئاراستە دەکات.

4- خستنەڕووی کاریگەرییە نەرێنییەکانی پەرگیری هزریی لەسەر تاك و گروپ و خێزان و کۆمەڵگا، کە گرفتێکی کۆمەڵایەتی مەترسیدارە و پێویستی بە بەرەنگاربوونەوە و چارەسەرکردن هەیە.

باسی دووەم / ناساندنی چەمکی پەرگیری هزریی ( Intellectual Extremism):

پەرگیری هزریی، تێپەڕاندنی سنووری ناوەندگیریی و میانڕەوییە لە هزری مرۆڤدا، پێکهاتووە لە ڕەفتارگەلێکی زیانبەخش لەڕووی کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و سیاسیی و ڕۆشنبیرییەوە. لەلایەن تاك و گروپەکانەوە ئەنجام دەدریت(حسن،2015: 265). پەرگیری هزریی، لە هزرو کرداردا سنوری میانڕەوی و ناوەندگیری تێدەپەڕێنێ؛ ئەو کردارانەش ئەنجامی دەدات عەقڵی مرۆڤ پەسەندی ناکات و دەبێتە ڕەفتارێکی شەڕانگێزییانە بە گوفتارو کردار دژ بە ئەوانی دی، ئەمەش دەبێتە هۆی نەمانی پێکەوە ژیانی کەلتوریی و ڕیزنەگرتن لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانی دی (علام،2017: 3).

لەڕووی ئایینیەوە، پەرگیری هزریی دەمارگیرییە بۆ بیروڕایەکی ئایینیی، دەسنەگرتنە بە فێرکارییە ئایینیەکان و

زیادەڕەوییە لە ئەنجامدانی فەرمانەکان و قەدەغەکراوەکانی خودا، هەروەها زیادەڕەویی لە تێڕوانینە شەرعییەکان، لادانی توندە لە تێگەیشتن لە بابەتە واقعییەکانی ژیان (السید و خیاط،2018: 210). ڕێگەیەکی پێچەوانەیە لەگەڵ پەرستش و نەریت و شێوازی ژیانی زۆرینەی خەڵك، کە تەنها ئەم ڕێگایە بە ڕاست دەزانن، ڕاگەیاندنی ئەم ڕێگایەش واتە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگا بەگشتی (الحبیب،2019: 7).

پەڕگیری هزری، ڕۆچوونێکی هزرییە بۆ ڕێبازو بیروباوەڕێك یان دەمارگیرییە بۆ ئایدیایەك، کە دواتر ئەو ئایدیایە دەگۆڕێت بۆ ڕەفتارێکی زاڵ بەسەر تاك و گروپەکاندا ( ناجم،2017: 208)، بەهۆی ئەوەی کەسەکە لەڕووی هزرییەوە داخراوە و متمانەی ڕەهایشی بە ئایدیا و بیروباوەڕەکانی هەیە، بەشێوەیەك دەمارگیری بۆ ئایدیاکەی هەیە ئامادە نییە هیچ گفتوگۆیەکی لەبارەوە بکات، هەوڵیش دەدات بە هێزو توندوتیژی هزرەکانی بسەپێنێت، لە ئەنجامدا ئایدیاکەی دەبێتە ڕەفتارێکی پەڕگیریانە، بەڵام توندی ڕەفتارەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە (بکار،2015: 37).

پەڕگیری هزریی، بریتییە لە زیادەڕەوی لە دەستگرتن بە ڕەفتارێك یان هزرێکی ئایینی، سیاسی، ئابوریی، ئەدەبیی، هونەریی، هەڵگرانی ئەم فیکرانە پێیان وایە ڕاستەقینەی ڕەها تەنها لای ئەوانە، ئەمەش کەلێن دەخاتە نێوان خۆی و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تیادا دەژی. دەرئەنجامی ئەمەش مانەوەی تاکەکەیە بە تەنها و دابڕاو لە گروپ و کۆمەڵگا (الجراح،2017: 9). ئەم جۆرە پەڕگیرییە ئایین و ئاكارو دابونەریتەکانی کۆمەڵگا ناتوانن سنوری بۆ دابنێن، هەربۆیە بە بەرزترین پلەی پەڕگیری دادەنرێت و دەبێتە هۆی توندوتیژی و وێرانکاری و شێواندنی کۆمەڵگا (الریان،2020: 34).

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پێناسانەی کە لەسەرەوە خرانەڕوو، دەتوانین دەتوانین بڵێین پەڕگیری هزریی بریتییە لە تێپەڕاندنی چوارچێوە ی هزری و پێوەرە ڕەفتارییەکان یان نەریت و بەها و سیستەمە کۆمەڵایەتییە باوو پەسەندەکانی کۆمەڵگا، هەروەها هەوڵدان بۆ سەپاندنی تێڕوانینە ئایینی و سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکان لە ڕێگەی پەنا بردن بۆ توندوتیژی مادی و هێمایی و جەستەیی یان دەمارگیری، لەگەڵ داخستنی هەموو دەرگایەکی گفتوگۆ و دیالۆگ و مشتومری بابەتی و عەقڵانی بەڕووی ئەوانی دیکەدا، هەموو ئەمانەش هۆکارن بۆ نەمانی بەهاکانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان و خولقاندنی پەشێوی و توندوتیژی ولادان و تاوان لەکۆمەڵگادا.

باسی سێیەم / هۆکارەکانی سەرهەڵدانی پەڕگیری هزریی

سەر هەڵدان و گەشەسەندنی پەڕگیری هزریی تەنیا بۆ یەك هۆکار ناگەڕێتەوە، بەڵکو لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا؛ زۆر هۆکاری جیاواز ڕۆڵ لە خولقاندن و گەشەسەندنی ئەم دیاردەیەدا دەبینن، کە بریتیین لە:

یەکەم/ هۆکارە کۆمەڵایەتیی و خێزانییەکان:

خێزان، بەهێزترین فاکتەرە کە کار لەکەسێتی تاك و ڕەفتار و ئاراستەکانی دەکات. پێگەیاندنی هەڵەی خێزان، ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە لادانی ڕەفتاری تاکەکاندا، هەروەها نزمبونەوەی ئاستی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی خێزان دەبێتەهۆی هەڵگەڕانەوە لە دەسەڵات و زیادبوونی توندوتیژی و ڕەفتاری شەڕخوازی دژ بە کۆمەڵگا، چونکە هەست بە ستەم و نادادی کۆمەڵایەتی دەکەن (علي،2020: 3-4). هەروەك لاوازی ڕۆڵی خێزان، لە پەروەدەکردنی منداڵ و سستی لە چاودێری کردنیان و ونبوونی ڕۆڵی خێزان لە چاندنی بەها ئەرێنییەکان لە ناخی تاکەکاندا، لەگەڵ گرفت و ناکۆکییەکانی خێزان و لێکەوتەکانی لەسەر گەشەی تاکەکان، نەبوونی پرۆسەی پێگەیاندنی ورد و دروست لە خێزاندا و ڕەچاونەکردنی پێداویستیە تایبەتییەکانی ئەندامانی خێزان و لاوازی گفتوگۆ و دیالۆگ لە نێوان ئەندامانی خێزان و کەمبونەوەی پەیوەندی وێژدانی و سۆزمەندی لە نێو خێزاندا، دەبێتە هۆی لێکترازانی خێزان یان نەگونجانی ژن و مێرد، ئەمەش دەبێتە پاڵپشتی کۆمەڵایەتی بۆ پەڕگیری و بوونی کەسانی پەڕگیر لە ماڵدا (الشریفي،2019: 296).

نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەنێوان خەڵکدا، یان پێشێلکردنی مافەکانیان و جیاوازی نێوانیان بەبێ بوونی پاساوێکی دیاریکراو لەلایەن هەندێك کاربەدەستەوە،دەبێتەهۆی گەشەکردنی دیاردەی تووڕەیی و بێزاری و لەدەستدانی متمانە بە دەسەڵات و دەوروبەر، بە تایبەت کاتێ تاکەکان دەبینن کەسانێك بەکەمترین ماندوبوون بوون بە خاوەنی زۆرترین سامان و دەسەڵات و پێگەی گرنگ، هەست دەکەن پێگەکان بە پێی توانا و کارو دەسکەوت دابەش ناکرێت و داهاتی نەتەوەیی و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانیش بە دادپەروەری دابەش ناکرێت. هەموو ئەم نادادیانەش کە بەهۆی بوونی گرفتە ژینگەیی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان و بێ توانایی لە نوێگەری و پێشکەوتن ڕوودەدات، تاکەکان هاندەدات ڕەفتاری توندوتیژی و پەڕگیرانە ئەنجام بدەن، چونکە هەست بە ستەم و فەرامۆشکردن و چەوسانەوە و بێ بەشبوون لە ماف و ئازادییە مەدەنییەکان دەکەن. هەروەها پاوانخوازی بەردەوامی دەستەبژێرێکی خاوەن هزرێکی ئاسایی و کەم، کە ئەم دەستەیە سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەسەپێنێت و بەهرە و توانای گەنجەکان لە ناودەبات، ڕێگە بۆ گروپە پەڕگیرەکان خۆش دەکات، کە ڕێکخستنێکی بەهێزو گوتارو پرۆگرامێکی سەرنج ڕاکێش و چالاکیان هەیە. ئەم کەسە فەرامۆشکراوانە بەلای خۆیاندا ڕاکێشن، لەڕێگەی فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری و پێداویستییەکانیان و کەمکردنەوەی نەهامەتییە دەروونی و ئابورییەکانیان، واتە ئەم گروپانە دەتوانن ئاسودەییەکی ڕۆحی بۆ ئەو کەسانە دروست بکەن تیادا هەست بە بوون و پێگەی خۆیان بکەن (علام،2017: 6).

هۆکارێکی دیکە بریتییە لە بوونی کەلێن لە نێوان واقیع و داخوازییەکاندا، هەرچەندە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بەردەوام ئاوات و داخوازییەکانی تاکەکان لە دەسکەوتەکانی زیاترە، بەڵام گەر ئەم کەلێنە بەردەوام ڕوو لە زیادبوون بوو ئەوا هەستکردن بە شکست و بێ هیوایی لای تاکەکان دروست دەبێت و بەرەو پەڕگیری هەنگاو دەنێت، چونکە تاکەکان خۆیان بە بەرپرسی شکستەکەیان نازانن، بەڵکو پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی کۆمەڵگا بەهۆکار دەزانن، هەربۆیە دژی ئەو سیستەمانە دەوەستنەوە (الریان،2020: 133).

هەڵەکردن لە پەیبردن بە ڕاستییەکان و سروشتی کۆمەڵگا مرۆییەکان لە شێوازەکانی چاکسازی و بێ ئومێد بوون و بە وەهم زانینی چاکسازی لە دۆخی هەنوکەیی، هۆکارێکی دیکەیە. هەروەها پەنابردن بۆ توندوتیژی و سەرکوتکردن و ئەشکەنجەدان، لەبری ئاسایش و دڵنیایی و نەبوونی گفتوگۆ لەسەر ئاستی خێزان و کۆمەڵگا و دەوڵەت کاردانەوەی توندی گەنجانی لێدەکەوێتەوە و سەردەکێشێ بۆ پەڕگیری (المعايطة و الزعبي ،2020: 13).

کرانەوە بەڕووی هەموو گۆڕانکارییە ئەرێنی و نەرێنێکاندا، بەبێ ڕێکخستن و چاودێری، بە بێ بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی گەیاندن، هەستکردن بە ستەمی کۆمەڵایەتی ودەرپەڕاندن و پەراوێزخستن، نەزانی هەژاری و نەخوێندەواری، بە تایبەت نەزانی سەرچاوەی هەموو هەڵەکانە، چونکە نەزانەکان بە عەقڵ بڕیار نادەن، بەڵکو دوایی سۆزیان دەکەون. هەروەها فێرکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای کەلتوری لوتبەرزی و ڕەتکردنەوی ئەوانی دی و نەمانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و حەزی بەشداریکردن، هەروەك خراپ وێناکردن بۆ کەلتورو داب ونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان (الدخيل،2016: 54).

بڵاوبوونەوەی ستەم و زۆداری و گەندەڵی لە کۆمەڵگادا، زۆربوونی مادەی هۆشبەرو خواردنەوە کحولییەکان، کە گاریگەرییان لەسەر ژیریی مرۆڤ هەیە، ،هەروەها داڕوخانی پەروەردە و ئاکاری تاکەکان بەهۆی بێ بەشبوونی منداڵەکان لە چاودێری دایك یان باوك یان هەردووکیان. هەموو ئەمانەش هۆکاری زیادبوونی شەڕو ئاژاوە و جیابونەوە و چەندین گرفتی دیکەن لە نێو خێزان و کۆمەڵگادا، چونکە خێزان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بێ توانان لە سنوردارکردنیدا (الغنانيم،2019: 207).

لە زۆرینەی کۆمەڵگاکاندا، هۆکارە کۆمەڵایەتیی و خێزانییەکان کاریگەرن، بە تایبەت لە کۆمەڵگا تازەگەشەسەندووەکاندا، بەهۆی لاوازی پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کە سەرەتاکانی لە خێزانەوە دەست پێ دەکات، پاشان بۆ دامەزراوەکانی دیکە شۆڕدەبێتەوە. هەربۆیە ناسەقامگیری و گرفت و ناکۆکی و لێکترازان و جیابونەوە و شەڕو ئاژاوە، خراپی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان، ونبوونی ڕۆڵی خێزان لە چاندنی بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە ناخی منداڵەکاندا، هۆکاری کۆمەڵایەتی کاریگەرن بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی و پەڕگیری لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە.

دووەم/ هۆکارە دەروونییەکان:

هۆکارە دەروونییەکان، ڕۆڵێکی گەورەیان لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی دیاردەی پەڕگیری هزریدا هەیە.هەربۆیە لەم تویژینەوەدا چەند هۆکارێکی گرنگی دەروونی دەخەینەڕوو.

یەکێك لەو هۆکارانە، بریتییە لە پاڵنەرە وێرانکارییە دەروونییە بنچینەییەکان. بیرمەندانی تیۆری شیکاری دەروونی "فرۆید – میلانی کلاك" بڕوایان وایە ڕەمەك(غەریزە)ی ساناتۆس و حەزی وێرانکردن و شەڕخوازی، حەزێکی بۆماوەییە و لە هاتنە دونیای مرۆڤەوە لەگەڵیدایە. ئەم جۆرە کەسانە لەکاتی بەتاڵکردنەوەی ئەو وزەیەی هەیانە ئارەزووی شەڕخوازی و وێرانکاری دژ بە خۆیان یان کەسانی تر دەکەن، واتە ئەو کردارانە ئەنجامدەدەن کە زیان بە کۆمەڵگا دەگەیێنێت، مەترسیدارترین ئەو کردانەش دیاردەی توندوتیژی و پەڕگیرییە.

هۆکارێکی دیکەی پەڕگیری هزریی، لاوازی منی باڵایە، بە مانای زاڵبونی خودی ئارەزوو یان دەروونی خراپەکار بەسەر کەسایەتییە مرڤدۆستەکەدا. لەم حاڵەتەدا کەسەکان بەپێی ئارەزوو یان ئاماژە دەرەکییەکان ڕەفتار دەکەن، چونکە پێیان وایە هێمای هێز و ئازایەتییە، یان نموونەی باڵایانە. هەروەها ئەم کەسانە لەناخی خۆیاندا هەست بەکەمی دەکەن، چونکە خێزانەکانیان لە کاتی پەروەردەکردندا مامەڵەیەکی توندیان لەگەڵ کردوون،هەروەك هەست دەکەن هیچیان بەدەست نەهێناوە و خاوەنی هیچ شتێك نین.هەربۆیە پاڵنەرێکی شەڕخوازی شاراوە لە نەستیاندا هەیە، ئەگەر دۆخ یان هەلێکیان بۆ بڕەخسێت هەستی شەڕخوازییان ئاشکرا دەکەن. بە هەمان شێوەی لاوازی منی باڵا، بەهێزی منی باڵا یان هەستی بەردەوام بە نەبوونی ویژدان هۆکارێکی دیکەی پەڕگیرییە، کە یەکێکە لە فێڵە بەرگرییە دەرونییەکان تاکەکان بۆ پاکژکردنەوەی خۆیان و بیرکردنەوە لە کەمتەرخەمییەکانیان بەرانبەر بە خۆیان و بیروباوەڕە ئاینییەکانیان و کۆمەڵگاکەیان پەنای بۆ دەبەن، بەزۆری لەڕێگەی شەرم و بێزاری وخەمۆکییەوە گوزارشتی لێ دەکەن، هەندێ جار دەگاتە نەخۆشی وەسواسی و خەمۆکی مەترسیدار، بەهۆی ئەوەی زۆر بیر لە هەڵەکانیان دەکەنەوەو بەردەوامیش ڕەخنە لە خۆیان دەگرن،هەروەك بەپێی ڕازی بوونی ویژدانیان کارەکانیان ئەنجام دەدەن (الريان،2020: 124-125).

لەگەڵ بێ هیوابوون لە بەدیهێنانی هەندێك ئامانج یان گەیشتن بە بە پێگەیەکی خوازراو، بە هۆیەوە هەندێك لە گەنجان هەست بە خەمۆکی دەکەن، هەندیکی دیکەیان یاخی دەبن و ڕەفتاری شەڕخوازی و پەڕگیری دەنوێنن، لەو کاتەی هەست بە شکست و کەمتەرخەمی دەکەن، هەتا بێ هیواییەکەش زیاتر بێت، ئاستی کاردانەوەکەش بەهێزو توندوتیژتر دەبێت.

بوونی کەسایەتی گێل یان شیزۆفرینی، ئەم جۆرە کەسانە دابراوە لە واقیع، بەهەڵە دۆخی خۆی هەڵدەسەنگێنی،هەست و سۆزی نییە، بێباکە، بە دروستی مانای ژیان نازانێت، بە تایبەت ئەگەر لەکاتی خۆیدا هاوسەرگیری نەکات، یان بێکار بێت، گرنگی بە مادە دهدات و لە لایەنە سۆزمەندی و هەستی باڵای مرۆڤایەتی دووردەکەوێتەوە، ناتوانێ بە ئامانجەکانی بگات، متمانەی بەخۆی نییە، هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەدەستداوە، هاوسۆزی بۆ نیشتمانەکەی لاوازە، بێزارو نامۆیە، خۆپەرستە، ڕێزگرتن و پەیوەندی ڕوحی و سۆزمەندی و ویژدانی لەگەڵ گەنجەکانی هاورێیدا کەمە (الريان،2020: 126- 128).

هەندێ جارهۆکارە خودییەکانیش پەڕگیری هزری دەخولقێنن، وەکو دوودڵی، ڕاڕایی، خەمۆکی، شیزۆفرینیا، ناتەبایی ورێنە، ڕق و کینە لە کۆمەڵگا، سەرکێشی و بڕوابوون بە پەڕگیری، هەروەها پەشێوی دەروونی و ئاکارییەکان، پەشێوی لە هەڵچوونەکان، تێرنەبوونی پێداویستییە دەروونی و

جەستەییەکان، سروشتی کەسایەتی، سروشتی گەنجێتی، نائومێدی و نائارامی، هەموو ئەمانە هۆکاری گرنگی دەروونین و کاریگەری لەسەر خودی کەسەکە دەبێت (باپیر،2019: 52).

دەتوانین بڵێین ئەوهۆکارە دەروونییانەی باسکران، وەکو: نائومێدی، ڕاڕایی، خەمۆکی و هەستکردن بە شەرم، هەستە بە شکست و بێ هیوایی لە گەیشتن بە ئامانجەکان، ساناتۆس و حەزی شەڕخوازی و مردن، نەبوونی ویژدان و بەزەیی، هۆکاری کاریگەرن لە هاندانی تاکەکان بۆ پەڕگیری هزری، چونکە ئەو گرفتە دەرونییانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر کەسێتی تاکەکان و هەڵچونەکانیان دەبێت، ئەمەش وادەکات هەندێك جار نەتوانن کۆنترۆڵی خۆیان بکەن و ڕەفتاری پەڕگیرانە بەرانبەر تاك و گروپ و کۆمەڵگا بنوێنن.

سێیەم/ هۆکارەکانی پەروەردەو فێرکردن:

کەموکورتی لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردندا، بە دوو هۆکاری گرنگ دادەنرێت لە گەشەکردنی پەڕگیری هزریدا، چونکە دوو کۆڵەکەی سەرەکین لە پێشکەوتن و بە دامەزراوەیی کردنی هەر کۆمەڵگایەکدا. بوونی کەمووکوڕی و بێ پلانیش لەم دوو بوارەدا،هۆکارن بۆ دواکەوتوویی و سەرهەڵدانی پەڕگیری.

پەروەردەکردنی تاك لەسەر بیروباوەڕو تێگەیشتنە هەڵەکانی کۆمەڵگا، بە واتای کەمتەرخەمی لە شێوازەکانی پەروەردەکردندا، وەکو زۆر نازپێدان، فەرامۆشکردن، بەکارهێنانی توندوتیژی و هێز لە پەروەردەکردندا، هەروەها کەمی پەروەردەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی، کە کار بۆ بەرژەوەندی گشتی بکات و دژی گەندەڵی و خراپەکاری بێت، واتە نەبوونی پەروەردەیەکی ڕاست و دروست، کە تاکەکان بەرەو ئاکارو بەها جوانەکان ئاراستە بکات.

گرنگی نەدان بە چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی خوێندکاران و ڕەچاونەکردنی جیاوازییە تاکییەکان لە نێوان خوێندکاران و نەبوونی پەیوەندی لە نێوان خێزان و سیتەمی فێرکردندا. هەروەها خراپی کوالێتی پڕۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانەکاندا بەهۆی گرنگیدان بە بابەتە زانستییەکان و فەرامۆشکردنی بابەتە پەروەردەییەکان(الريان،2020: 137، 151-152). نەبوونی پڕۆگرامی سەرنج ڕاکێش و کارگێڕی باش، بوونی میتۆد و شێوازی وانەوتنەوەی کۆن و نەگونجاو لە زانکۆکاندا، کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا ناگونجێ و ناتوانێت هاوشانی پێشکەوتنە خێراکان هەنگاو بنێت، هەروەها هەماهەنگ نەبوونی زانکۆ لەگەڵ بازاڕی کارو نەبوونی هەماهەنگی فیکری و مرۆیی لە نێوان خوێندکارو مامۆستادا،هۆکاری سەرەکین بۆ زیادبوونی ڕێژەی نەزانی و نەخوێندەواری و نەچوونە قوتابخانە و نزمبوونەوەی کوالێتی زانستی و فێرکاری لە زانکۆکاندا، کە هەندێ جار ئەم گرفتانە بەهۆی کۆچکردنی کادرە بە تواناکانی بواری فێرکارییەوە ڕوودەدات (الدخيل،2016: 54).

دەتوانین بڵێین، هۆکارە پەروەردەیی و فێرکارییەکان زۆر کاریگەرن، بەتایبەت نەبوونی پەروەردەی دروست لە خێزان و خوێندنگا و زانکۆکاندا. پەروەردە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا یان توندوتیژە یان زۆر نازپێدانە، کە هیچیان دروست نییە، چونکە یەکێکیان تاکێکی پەڕگیر،ئەوی دیکەیان تاکێکی گەمژە بونیاد دەنێت، هەروەك سیستەمی فێرکاریش لە ئاستێکی خراپدایە بەهۆی نزمی کوالێتی میتۆد و پڕۆگرامەکانی خوێندن لە خوێندنگا و زانکۆکان، ئەمەش مانای وایە سیستەمی فێرکردن لەبری ئەوەی پەڕگیری هزریی چارەسەر بکات، خۆی پەڕگیری هزریی دەخولقێنێت ، چونکە نەزانی و نەخوێندەواری بەرهەم دەهێنێت.

چوارەم/ هۆکارە ئایینییەکان:

گومان لەوەدا نییە کە پەروەردەی ئایینیی ڕاست و دروست، نەوەیەکی ڕێکخراو و میانڕەو لە ڕووی هزریی و ئاکاریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەوە بەرهەم دەهینێت. بەڵام پەروەردەی ئایینیی ناتەندروست، هۆکارە بۆ دروستبوونی تاکی نامۆو لادەرو پەڕگیر. لێرەوە دەتوانین بڵێین گرنگترین ئەو هۆکارە ئایینیانەی دەبنە هۆی خولقاندنی دیاردەی پەڕگیری هزریی بریتین لە:

زیادەڕەویی لە ئاییندا، هۆکاری توندوتیژی و دەمارگیری وتیرۆرو پەڕگیرییە، خۆی لە پابەندبوونی تەواو بە دەقە ئاینییەکانەوە دەبینێتەوە، بێ گوێدانە هۆکاری دابەزاندن و ڕای زانایان و تێگەیشتنی ورد لە دەقەکان، یان بە پێچەوانەوە پابەند نەبوونی تەواو بە دەقە ئاینییەکانەوە، واتە دوورکەوتنەوە لە هەر پاپەندبوونێکی ئایینی و دژبوون و ڕەتکردنەوەی هەموو بەڵگەکان (الريان،2020: 134- 135).

کەمی چاوگە ئایینیی و زانستە باوەڕپێکراوەکان کە هۆشیاری ئایینیی بڵاودەکەنەوە، هۆکارێکی دیکەیە. لە ئێستادا بۆشایی هزریی لای گەنجان، دەگەڕێتەوە بۆ کەمی چاوگە ئاینییەکان، چونکە گۆڕەپانەکە خاڵییە لەو کەسانەی کە دەتوانن لە واقعەکە بگەن. ئەمەش هۆکارە بۆ ئامادەکردنی گروپێك لە گەنجان کە بیرکرنەوەیەکی هەڵە بونیاد دەنێن و ئامانجیان توندوتیژی و وێرانکارییە و هەنگاو بەرەو پەڕگیری هزری دەنێن(علام،2017: 6). هەروەها نەبوونی پاشخانێکی زانستیی و ئایینیی، هەندێ کەس بۆ شارەزابوون لە زانستی شەرعی پەنا بۆ خوێندنەوەی چەند کتێب و توێژینەوە و سەرچاوەی ئایینیی دەبەن، بێ ئەوەی پاشاخانێکی زانستییان هەبێت، واتە دەیانەوێت بە خوێندنەوەی چەند سەرچاوەیەك ببنە زانا و موفتی. ئەمەش لەڕووی هزریی و ڕەفتارییەوە، تووشی گرفت و ماندوبونیان دەکات. هەروەك هەندێ لە سەرچاوە زانستییەکان کەلتوری بێ سەروبەری و توندوتیژی زاڵە بەسەریاندا، کە هۆکاری لادانی هزرییە لای هەندێك لە مەرجەعیاتەکان، چونکە هەندێك لە مەڕجەعەکان پێیان وایە توندوتیژی و زیادەڕۆیی ڕێگایەکە بۆ پاراستنی شەرع، ئەم تێڕوانینانەش لە ناخی شوێنکەوتوانیان دەچێنن، بێگومان ئەمەش هۆکاری سەرەکی پەڕگیری هزرییە (حسن،2017: 8-10).

بڵاوکردنەوە و گرنگی پێدانی زۆر بە چەمکەکانی نوێگەری و جیهانگیری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بێ ئەوەی کات بدەن بە گەنجان لە چوارچێوەیەکی زانستیدا تێگەیشتنی دروستیان بۆ ئەو چەمکانە هەبیت،جۆرێك بێ سەروبەری دروست دەکات لە ڕووی ئاسایش و ئارامییەوە، چونکە هەست دەکەن بەها ئاینییەکانیان فەرامۆش کراوە، لە کاتێکدا پێویستیشیان بەم

چەمكە نوێیانە نییە و تەنها پێویستیان بە بیروباوەڕە ئاینییەكانیانە، هەربۆیە بە هەموو شێوازێك دژایەتی ئەم چەمكە نوێیانە دەكەن (فیاض،2008: 15).بە تایبەت كاتێك گاڵتە و سوكایەتی بە هەستی ئاینیان دەكەن، واتە بە گوفتارو كردار سوكایەتی بە بیروباوەڕو دروشم و سروت و بەهاو ئاكارەكانیان دەكەن، تەنانەت ڕێز لەو زانا ئایینیانەش ناگرن كە تێروانینێكی میانڕەوانەیان بۆ ئایین هەیە و بانگەشەی ناوەندگیری و میانڕەوی دەكەن و پەڕگیری و تیرۆر ڕەتدەكەنەوە (الغنانیم،2019: 207).

نەبوونی تێگەیشتنی قووڵ و هۆشیاری ئایینی و ڕێزنەگرتن لە مافی كەمە ئایینییەكانی كۆمەڵگا، هەروەها یەكنەخستنی گوتاری ئایینی لەلایەن دامەزراوە ئایینییەكانەوە، كە دەبێتە هۆی لاوازی بانگەوازی ئایینی و زیادبوونی بۆشایی روحی، بە تایبەت گوتارە ئایینییە دەمارگیرییەكان،كە پشت بە ڕاڤەو لێكدانەوەی هەڵە دەبەستیت، دژ بە راستییەكانی ئیسلام و ئاینەكانی دیكەیە،چونكە بیروباوەڕی ئایینی ڕاست و دروست، بەها ڕۆحییە باڵاكان دەپارێزێ و خۆشەویستی و لێبوردەیی و بەزەیی بڵاودەكاتەوە، واتە ئایینی ڕاست و دروست دژ بە رق و دەمارگیرییە ( حسن،2015: 267).

دوای ئاماژەدان بە هۆكارە ئایینییەكان، دەگەینە ئەو ئەنجامەی زیادەڕەوی و تێنەگەیشتنی دروست لە دەق و فەرموودەكان، بوونی گوتاری ئایینی توند و پەڕگیر، كەمی چاوگە ئایینی و زانستییە باوەڕپێكراوەكان،هـ ۆكاری كاریگەری ئاینین، بەڵام تاكە هۆكار نین وەكو پێشتر لە هزری خەڵكدا وێناكراوە، هەركات باسی پەڕگیری هزری كرابێت، دەستبەجێ بە هۆكارە ئاینییەكانەوە پەیوەست كراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئایین ڕۆڵی باڵای هەبووە لەسەر هزری تاك و خێزان و كۆمەڵگادا. بەڵام ئەم تێڕوانینە بەو ڕەهاییە دروست نییە، چونكە هۆكارەكانی دیكەی پەڕگیری هزری كە لەم توێژینەوەیەدا باسكراون كاریگەرییان كەمتر نییە لە ئایین.

پێنجەم/ هۆكارە ئابورییەكان:

"ولیام نوك" لە كتێبی "جیهانی نوێی گۆڕاو" دا دەڵێت: پەڕگیری و تیرۆر، كاردانەوەی ئەو گۆڕانكارییە مەترسیدارەیە لە كۆمەڵگا بەرزخوازەكاندا ڕوودەدات. تیرۆریست و پەڕگیرەكان بەهۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیاو و لەرێگەی ڕێكخراوە بانكی و تۆڕەكانی ئینتەرنێتەوە دەتوانن پارەیەكی زۆر كۆبكەنەوە و لە خزمەتی هزرەكانیان بەكاریان بهێنن (الریان،2020: 138).

گەنجان لە ڕەوشێكی ئابوری خراپدا دەژین و لە ئاستی خواستەكانیاندا نییە، بەهۆی ئەوەی بێكار و هەژارن و توانای دروستكردنی خێزان و كڕینی خانوویان نییە، پێویستییە سەرەكییەكانیشیان بۆ پرناكرێتەوە، هەموو ئەمانە كە بەهۆی بوونی سیستەمێكی حكومڕانی گەندەڵەوە ڕوودەدات، گەنجان هاندەدات بۆ ئەنجامدانی پەڕگیری ئایینی و سیاسی دژی ئەو كۆمەڵگایەی تیایدا دەژین (علي،2020: 5).

نایەكسانی لە دابەشكردنی سەروەت و سامان و جیاوازی گەورە لە نێوان چینەكاندا هۆكارێكی دیكەیە، واتە كۆمەڵێك خاوەنی سەروەت و سامانێكی زۆرن، كۆمەڵێكی دی لە ژیانێكی سەختدا دەژین و توانای ژن هێنان و كڕینی خانوو و خواردنیان نییە. هەروەها دارمانی بەهای كاركردن، لە ئێستادا كاركردن تەنها بۆ كۆكردنەوەی سامان و دەوڵەمەندبوونە بەهەر ڕێگایەك بێت، واتە هەموو ڕێگایەكی نەشیاو نادروست دەگرنەبەر لەپێناو كۆكردنەوەی پارە و كەڵەكەكەكردنی ساماندا، وەكو بازرگانیكردن بەمادەی هۆشبەر، بەرتیل وەرگرتن، بەكاهێنانی هێز بۆ وەرگرتنی پارە و سەرانە (كامل،2002: 145-146).هەروەك زۆربوونی باج و پابەندبوونە داراییەكان لەسەر تاكەكانی كۆمەڵگا و كەمی پرۆژەكان كە یارمەتی زیادبوونی بەرهەم و بەرزكردنەوەی ئاستی ئابوری دەدەن، هۆكارن بۆ گرانی و زۆربوونی قەرز و خراپی ئاستی ئابوری و هەژاری و بێكاری و سەختی بژێوی ژیان، ئەمانەش هەستی پەیوەست بوون و هاوسۆزی بۆ نیشتیمان لای خەڵكی بەگشتی و گەنجان بە تایبەتی كەم دەكاتەوە، چونكە ئەم گرفتانە هاوڵاتیان زۆر ماندوو دەكەن (الغنانیم،2019: 207).

خراپی ئاستی بژێوی خێزانە هەژارەكان یان كۆمەڵگا و دەوڵەتە هەژارەكان،ب ێ توانایی نەتەوە یەكگرتووەكان لە دروستكردنی هاوكاری نێودەوڵەتیی بۆ چارەسەركردنی گرفتە ئابووریی و كۆمەڵایەتییەكان و كەمكردنەوەی ئەو جیاوازییەی لە نێوان دەوڵەتانی هەژارو دەوڵەمەندا هەیە، هەروەها بێ توانایی ڕێكخراوەكان لە دۆزینەوەی سیستەمێكی دادپەروەرو بەردەوام بۆ گرفتە نیودەوڵەتییەكانی وەكو: داگیركاری خاك، تاڵانی، چەوسانەوە، هۆكاری سەرەكی پەڕگیری هزریین (الریان،2020: 140).

لەسەردەمی ئێستادا، هۆكارە ئابورییەكان زۆر كاریگەرن لە ئەنجامدانی پەڕگیری هزرییدا،لەبەرئەوەی بەشێكی زۆری ئەو كردە پەڕگیری و تاوانكاریانەی ئەنجام دەدریت پاڵنەری مادی لە پشتە، بەشێك لە خەڵك بەهۆی خراپی بژێوی ژیانییەوە ئامادەیە دەست بۆ هەموو كارێك ببات،ت هنانەت گەر ئەو كارە پێچەوانەی هزرو بیركردنەوەشی بێت، لە هەمان كاتدا گروپە پەڕگیرەكان سامانێكی زۆریان هەیە و بۆ بڵاوكردنەوەی هزرەكانیان و ڕاكێشانی خەڵك بەكاری دەهێنن.

شەشەم/ هۆكارە سیاسیەكان:

بەكارهێنانی ستەمكاری و سەركوتكردن لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەت دژ بە هەر هەڵگەڕانەوەیەك لەلایەن ژێردەستەكانیانەوە، واتە لەبری گفتوگۆ و ڕاوێژ ستەم و داپڵۆسین بەكاردەهێنێن بۆ سەپاندنی بیروڕاو تێڕوانینەكانیان، ئەمەش هۆكارە بۆ زیاتر گەشەسەندنی توندوتیژی و پەڕگیری. فەرامۆش كردنی خەڵك و فەراهەم نەكردنی ماف و پێداویستییەكانیان، هۆكارێكی دیكەی سیاسی پەڕگیری هزرییە، بەهۆی ئەوەی گرنگی بە تواناكانیان، كاروبارە مادی و مرۆییەكانیان، زانین و فێركردن و ژیری وتێگەیشتنیان، هزرو ئاكاریان نادرێت و فەرامۆش كراوە.هەروەها نەبوونی ئازادی و دادگەری و بەكارهێنانی سزاو بەندینخانە و ڕێگەنەدان بە ئازادی ڕادەربڕین، زەوتكردنی مافە سیاسیی وكۆمەڵایەتیی و داراییەكان فاكتەرن بۆ دروست بوونی ڕای گشتی و دەنگی نارەزایی دژ بە گەندەڵی قۆرخكاری، لەم پرۆسەشدا لەوانەیە زۆر ڕێگا بگیرێتەبەر، كە توندوتیژی و پەڕگیری دوو بژاردەی بەهێز دەبن (الریان،2020: 142-145). لەلایەكی دیكەوە گەنجان هەست

به بێ توانایی سیاسی دەکەن بەرانبەر بڕیارەکانی حکومەت و دەسەڵات، بەهۆی لە دەستدانی پاڵنەری بەشداری چالاکانە لە دەسەڵاتدا، ئەمەش بێزاربوون و کەمبوونەوەی هاوسۆزی بۆ نیشتمانی لێدەکەوێتەوە، چونکە گەنجان دەبینن ئەو دیموکراسییەی بانگەشەی بۆ دەکەن تەنیا دروشمە و هیچی تر، هەربۆیە گەنجان کاردانەوەی توندیان دەبێت بەرانبەر دامەزراوەکانی دەوڵەت و متمانەی سیاسی و هاوسۆزییان بۆ دەوڵەتەکەیان نامێنێت (علي،2020: 5).

بەشێك لە دەوڵەتان پەنا بۆ دەسەڵاتی زۆرلێکردنی سیاسی دەبەن، کە کەشێکی ڕاڕایی و پەرگیریی دەخولقێنێ و دەبێتە هۆی گەشەکردنی ئاراستەکانی ڕەتکردنەوەی دەسەلات و زیادبوونی بیری تایەفی و پەرگیری،ئ ەمەش گرفتە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابورییەکان زیاتر دەکات، هەروەها گروپ و دەوڵەتان لەرێگەی تەرخانکردنی کەرەستە مادی و مرۆییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی توندوتیژیی ڕۆڵیان لە گەشەکردنی پەرگیریدا هەیە (المعايطة و الزعبي ،2020: 13).

تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتی زۆربەی ڕژێمە سیاسیەکان، نەمانی دادپەروەری، بەرتەسکردنەوەی ئازادییەکان، بوونی گەندەڵی کارگێری و ئاکاری ، لاوازی دەسەڵات و خراپی دۆخی ئاسایش و سەقامگیری، شکستە سیاسی و سەربازییەکان، تێکچونی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵك، هۆکارن بۆ دروست بوونی گرفتی سیاسی و ونبونی ناسنامەی نەتەوەیی لای تاکەکانی کۆمەڵگا (عبدولعزيز،2017: 154).

کەواتە هۆکارە سیاسیەکان گرنگی خۆیان هەیە لە گەشەکردنی پەرگیری هزرییدا، بە تایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە بانگەشەی دیموکراسی دەکەن و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی سەرکوتکردن پیادە دەکەن، بە هۆی ئەمەوە خەڵك لە بەڵێن و دروشمەکانی کایە سیاسییەکان بێ هیوا دەبن و گروپی ناڕازی و ئۆپۆزسیۆن دروست دەکەن بۆ کۆتایی هێنان بە ستەم و نا دادپەروەری، لە ئەنجامدانی ئەم کارەشدا هەندێ جار ڕێگەی توند و پەرگیری پراکتیزە دەکرێت و زیان بە ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵگا دەگەێنێت.

حەوتەم/ هۆکارە ڕۆشنبیری میدیاییەکان:

میدیا لەڕێگەی کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە، ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە پاڵپشتی کردنی پەرگیری هزریدا. کەناڵە ئاسمانییەکان لە پرۆگرام و فیلم و هەواڵەکانیاندا سوکایەتی بە ئایین و ئاکارو بەهاکان دەکەن. تۆڕەکانی ئینتەرنێتیش کاریگەرییەکی گەورەیان لە گەشەکردنی پەرگیری و تیرۆردا هەیە، بەهۆی ئەوەی ئەم تۆڕانە بینەرێکی یەکجار زۆریان هەیە و بە ئاسانی و خێرایی هزرو زانیاری و لێکدانەوەکان بەهەموو جیهاندا بڵاودەکەنەوە، هەندێ لەو ڕەفتارو گوفتارانە لەگەڵ عەقڵ و لۆژیکدا یەکناگریتەوە،هەربۆیە دەتوانین بڵێین تەکنەلۆژیای نوێ و خووگرتن بە ئینتەرنێتەوە هۆکارن بۆ لادان و پەرگیری هزریی (الريان،2020: 147-149).

میدیا هاندەرە لە بڵاوکردنەوەی ڕق و دەمارگیریی و پەرگیریی و کوشتن و ئازاردان و وێرانکاریی، چونکە ئامرازە جیاوازەکانی میدیا برەو بەو گوتارە ئایینی و تایفی و ڕەگەزی و نەتەوەییانە دەدەن کە ڕق و کینە بڵاودەکەنەوە، یان پێگە ئەلیکترۆنییەکان وێنەو بەرنامەی توندوتیژ و تاوانکاری پێشان دەدەن و گەنجانیش لاسایان دەکەنەوە،هەموو ئەمانەش هۆکارن لە بڵاوکردنەوەی بیری پەرگیریدا (علي،2020: 5-6).

پەشێوی لە بواری ڕۆشنبیریدا، هۆکارێکی دیکەی پەرگیری هزرییە، بە تایبەت لە ئێستادا چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی وەکو ئەدەب و سینەما و شانۆ و میوزیك و هونەر لە دۆخێکی شڵەژاودایە، چونکە دەستەبژێرە کۆنەکان دەستیانگرتووە بەسەر دامەزراوە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و ڕۆشنبیرییەکاندا و بوار بۆ دەرکەوتنی گەنجانی بەهرەمەند نادەن. ئەمەش کۆمەڵگا بەسەر دوو ئاراستەی ناکۆکدا دابەش دەکات: ئاراستەی یەکەم نەوەی کۆنن و لەگەڵ مانەوەی سیستەمی باودان، ئاراستەی دووەمیان نەوەی نوێن و باوەڕیان بە نوێگەری و تەکنەلۆژیا و گۆڕانکاری ڕیشەیی هەیە لە وڵاتدا. لەکاتی باڵادەستبوونی بەردەوامی نەوەی کۆن، گەنجان تایبەتمەندی و کەسێتییان لەدەستدەدەن و وەك کەسانی بێ ناسنامە دەردەکەون، لەوانەیە کاردانەوەی پەرگیرانە بەرانبەر ئاراستەی یەکەم و کۆمەڵگا بنوێنێن (علام،2017: 7).

زۆربوونی چەند دەزگایەکی میدیایی ناوخۆیی و دەرەکیی، کە بانگەشە بۆ پەرگیریی و ڕق دەکەن و دژی ناوەندگیریی و میانڕەویی هزری ئایینی و کۆمەڵایەتیین، لەگەڵ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ بۆ بڵاوکردنەوەو پیشاندانی پەرگیری هزریی، کە بەهۆیەوە هەواڵ وڤیدیۆ و ڕووداوەکان بە خێرایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاودەبنەوە، بێئەوەی گوتارێکی میدیایی چالاك هەبێت بۆ ڕووبەڕووبونەوە و وەڵام دانەوەی ئاراستە پەرگیرییەکان، ئەمەش بۆ کەمی پرۆگرامە هۆشیارییەکان لە کەناڵە جیاوازەکانی میدیا و نەبوونی سیستەمێکی یاسایی و چاودێریی لەسەر میدیا دەگەڕێتەوە (الدخيل،2016: 54).

میدیا لە ئێستادا، کەرەستەیەکی مەترسیدارە بۆ بڵاوکردنەوەی پەرگیری هزریی لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕەکانی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیاوە، لە بەرئەوەی لە ڕێگەی میدیاوە هەواڵ و ڕووداو زانیارییەکان وهزرو تێڕوانەکان بە خێرایی و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەگات بە هەموو جیهان، بە تایبەت لە ئێستادا بە شێکی زۆر لە میدیاکان بۆ ڕاکێشانی بینەر بێ سانسۆر هەموو هەواڵ و کردەیەکی گروپە پەرگیرییەکان بڵاو دەکەنەوە، ئەمەش مەترسیدارە و هۆکارە بۆ زیادبوون و گەشەسەندنی هزر و ڕەفتاری پەرگیریی لای تاکەکانی کۆمەڵگا.

باسی چوارەم/ ڕواڵەتەکانی پەرگیری هزریی:

ڕواڵەتەکانی پەرگیری هزریی، لە نێوان تاك و گروپەکاندا جۆراوجۆرن، کە لە ڕێگەی ئەو ڕواڵەتانەوە دەتوانرێ کەسی پەرگیر بناسرێتەوە یان ئاسانکاری بکات لە ناسینەوە و جیاکردنەوەی لەو کەسانەی کە میانڕەون یان خاوەن بەرنامەیەکی ناوەندگیرن، هەربۆیە لەم تۆێژینەوەدا ئەو ڕواڵەتانە دەخرێتەڕوو کە هەڵگرانی پەرگیری هزریی پێ دەناسرێتەوە ،ئەوانیش بریتین لە:

دەمارگیری بیرورا: کەسێکی دۆگما و چەقبەستووە، دان بە بیروڕای ئەوانی دیکەدا نانێت، چونکە ڕوانینێکی ڕوونی بۆ بەرژەوەندییەکانی خەڵك و مەبەستەکانی شەرع و هەلومەرجی سەردەم نییە. هەروەها توانای دیالۆگی نییە لەگەڵ ئەوانی

دیکەدا. لە هەموو بابەت و گرفتە ئالۆزەکاندا ڕای تایبەتی خۆی هەیە و سوریشە لەسەر بیروڕاکەی، جا لەگەڵی بێت یان دژی بێت(القحطاني،2005: 24). ئەو کەسانەش ڕەتدەکاتەوە کە پێچەوانەی ئەون لە بیرکردنەوە و ڕێبازیاندا. هەندێ جاریش دەمارگیرییەکەی مەترسیدارە و هەوڵدەدات ڕای خۆی بە تۆپزی و هێز بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێت، تەنانەت هەوڵی لەناو بردنیشیان دەدات، ئەمەش جۆرێکە لە تیرۆری هزری، هەروەك ئەم کەسە ڕاستییەکان ڕەتدەکاتەوە، چونکە لە بەرژەوەندیدا نییە. هۆکاری ئەم دەمارگیریەی بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەمارگیری لە پەروەردەکردندا دەگەڕێتەوە (الفقهاء،2016: 40).

لاسایی کردنەوەی کوێرانە یان بە سەنتەرکردنی کەسێتی و گروپ و پارتەکان: واتە متمانەبوونی لاسایکەرەوە بە کەسێك یان سیمبولێکی دیاریکراو، کە کوێرانە متمانەی پێی هەیە، بێ لێکدانەوەو وردبینی پابەندە بە بۆچون و ڕێبازەکەیەوە. بە مانایەکی تر، ئەم کەسە متمانەی بە زانست و ژیریی خۆی نییە، بەڵکو لەهەموو بابەتەکاندا دوای بۆچونی کەس یان گروپ یان پارتێك دەکەوێت و تەنها ئەوانیش بەڕاست دەزانێت، هەندێ جاریش سەردەکێشێ بۆ پیرۆزکردنی هەندێ سەرکردە و سیمبول، هەروەها پەسەندکردنی ڕەهای ئەو بۆچوون و تێڕوانینانەی بانگەشەی بۆ دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا قبوڵی ناکەن ڕەخنەی زانستییان لێ بگیرێت، بەڵکو ئەوانەی ڕەخنە دەگرن ڕووبەڕووی هێرشی توند دەبنەوە، چونکە ئەو کەسانە بەرژەوەندی کەسیی و مادییان لەگەڵ ئەو گروپ و پارتانەدا هەیە(کامل،2002: 92-94).

بەدگومانی بەرامبەر خەڵك: بە شێوازێکی خراپ و ڕەشبینانە تەماشای خەڵك دەکات و کارەکانییان بە باش نازانێت، دواتر دەستدەکات بە سەرکۆنەکردن و تۆمەتبارکردنیان، تادەگاتە ئاستی بێ ڕێزیکردن بەوانی دی (حسن،2017: 14). دەتوانین بڵێین کەسە بەدگومانەکە لە بنچینەدا لوتبەرزو سەرسامە بەخۆی و بێ ڕێزو خراپەکاریشە بەرانبەر ئەوانی دی، هەروەها زبرو ڕەقە لە ستایل و مامەڵەکردندا، واتە لە بانگەوازدا ڕەقە، لە ستایل و مامەڵەکردندا توند و زبرە، لە کاتی ڕێنمایی کردنی خەڵکدا شێوازێکی توند بەکاردەهێنێت، بە پێچەوانەی ئەوەی لە ئایەت و فەرمودەکاندا هاتووە (فیاض،2008: 21).

گۆشەگیری: ئەم جۆرە کەسانە نە باوەڕیان بەڕای ئەوانی ترە، نە دەتوانن ڕەزامەندی ئەوانەی تر بەدەست بهێنن. هەربۆیە ئەم کەسانە لە چوارچێوەی خۆیاندا دەمێننەوە و هەموو دەرگایەکی گفتوگۆو لێکتێگەیشتن لەسەرخۆیان دادەخەن، هەروەك زۆرێنەی ئەمانە لەسەر یەك بیروڕا دەخوێننەوە یان چەند لاپەڕەیەکی کەم و دیاریکراویان لە کتێبێك خوێندۆتەوە، وای دەبینن کە پێش ئەم کتێبە و دوای ئەم کتیبە هیچ شتێك بوونی نەبووە و نابێت. هەندێ جاریش ناهاوسەنگی زانستیی و هزرییان هەیە، چونکە سەرقاڵی یەك جۆر لە زانستن و ئەوانی دیکەیان فەرامۆش کردووە (کامل،2002: 95-96).

پاساوهێنانەوە بۆ ئامانج و مەبەستەکان: بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێگەیەکی نایاسایی و ناکۆك لەگەڵ نەریت و بەهاکان دەگرێتەبەر، وەکو: کوشتن، وێرانکاری، حەزی دوژمنایەتی و تۆڵەسەندنەوە و توندوتیژیی و شەڕخوازی و تیرۆر لە هەموو کات و شوێنێکدا، هەروەها بەربەست دانان لەبەردەم بیرکردنەوەی ئەوانی دی و سەپاندنی تێڕوانینەکانی خۆی لەسەریان، یان توانای چەواشەکردن و فێڵکردن لە خەڵکی، بە تایبەت هەڵخەڵەتاندنی گەنجان بە بەڵگەی لاواز و ناتەواو و ئاسانکردن و بەڕوکەش ڕوانین بۆ گرفت و کاروبارە گرنگ و گەورەکان، واتە ئاراستە وهزرەکانی ناتەواوە و دژبەیەکی لەهزرو ڕەفتارەکانیدا هەیە (ناجم،2017: 216).

پەنابردن بۆ خواست و ئارەزووەکانی لە خستنەڕووی هزرو بیروباوەڕەکانی، دابڕان لە کەلتوری کۆمەڵگا و ڕێزنەگرتن لەڕای ئەوانی دی، دەستبەسەراگرتنی ئازادی ئەوانی دی و دەستێوەردان لە ژیانیان و ستەمکردن و بوهتان کردن بۆیان، بەکارهێنانی توندوتیژی مادیی یان هێمایی لە سەپاندنی هزرەکانیدا. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەسی پەرگیر لە بڕیارداندا گەمژەو بە پەلەیە، کەسێتی لاوازەو متمانەی بەخۆی نییە، هەروەك هەڵەشەیە و دوای ئارەزووەکانی دەکەوێت، لەکاتی چارەسەرکردنی گرفتەکانیشدا هاوسەنگی هزری لەدەست دەدات (الشريفي،2019: 295). هەروەها بەهۆی دەرکردنی بڕیاری هەڕەمەکی و بەبێ بوونی بەڵگە بە تەواوی لەکۆمەڵگا دادەبڕێت، چونکە کار لەسەر حەڵاڵکردنی خوێن و ماڵی خەڵك دەکات، ئەم جۆرە بیرکردنەوەش کاریگەری خراپی لەسەر خێزان دەبێت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش ناهێڵێت(بن سلامة،2017: 198).

تاکایەتی لە بیروبۆچوندا و دورکەوتنەوە لە ڕای گروپەکان، واتە تێڕوانینێکی تاك لایەنەیان هەیە، کە لە تێڕوانینی ئەواندا یەك ڕاستی و یەك ڕێگەی ژیان هەیە، هەروەك خواستی لەناوبردنی ئەوانی تریان هەیە، هەروەها لەڕووی ئاستی ژیریی و مەعریفییەوە، توانای تێڕامان و بیرکردنەوەیان نییە، چونکە هەندێ هزرو بیروباوەڕیان هەیە ئامادەنین دەستبەرداری بن، یان ڕێگەنادەن کەس گفتوگۆیان لەسەر بکات(سلام،2018: 5).

لەڕووی ئاستی سۆزمەندی و ویژدانی، زیادەڕەوی دەکات لە بەکارهێنانی ویژدانی ، یان ڕق وکینەی ڕەهای هەیە بۆ ئەو کەسانەی پێچەوانەی ئەو بیردەکەنەوە، یان ئۆپۆزسیۆنێکی توندە یان کەسێکی توڕە و ڕوخێنەرە. لەڕووی ئاستی ڕەفتارییەوە، لە هەنگاوەکانیدا ژیری بەکارناهێنیت،ب هڵکو ڕەفتاری توندوتیژانە دژی بەوانی دی ئەنجام دەدات. لەڕووی ئاستی هزریەوە، توانای بەکارهێنانی هزرێکی دروست وڕوونی نییە، واتە توانای پەیبردن و شیکاریی و گشتاندنی نییە (هارون،2016: 9).

زیادەڕەویی کردن لە ئاییندا و تێپەڕاندنی سنوری میانڕەوی لە بیروباوەڕو ڕەفتاردا، شێواندنی هزری ئەوانی دی، پاشان حەڵاڵکردنی خوێن و ماڵ و شەرەفیان، کە ئەمەش بە ترسناکترین ڕواڵەت دادەنرێت. لەگەڵ توانای هەڵگەڕانەوەی چەمکەکان و شێواندن و ڕەتکردنەوەی ڕاستییەکان، لەڕێگەی لادان و هەڵبەستنی درۆ یان بەدرۆخستنەوەی ئەوانی دی،ی ان پیلانگێڕی لە ڕێگەی شاردنەوە یان گومانکردن لە ڕاستییەکان، هەروەها باوەڕبوون بە تیرۆرو توندوتیژی وەك ئامرازێك بۆ

بەدیهێنانی ئامانجەکان ئەمەش دەبێتەهۆی بڵاوبونەوەی ترس و تۆقان و کوشتنی بێ تاوانەکان و تێکدانی ئاسایشی وڵات ( الفقهاء،2016: 39-40).

پەلەکردن لە دیاریکردنی بەهای خەڵك خراپ چارەسەرکردنی هەڵەکانی تاك و کۆمەڵگا: لە ئاییندا نابێت بەپەلە بڕیار لەسەر خەڵك بدەیت، بەڵام کەسی پەرگیر هەرزوو بڕیار لەسەر هەموان دەدات، دەڵێت: کەسێ خودا لێی خۆش نابێت، کەسێکی تر ناچێتە بەهەشت... کە ئەم بڕیارانە هی خودایە نەك ئێوە، هەروەها سەرزەنشتکردنی خەڵك لەسەر ئەرکە لاوەکییەکان وەکو ئەوەی فەرز بێت، واتە ئەو ئەرکانەی گرنگ نین دەیکەن بە فەرز لەسەر خەڵکی، یان ئەو پەرستشانەی لای خودا ئارەزوومەندانەیە و لەسەری سزا نادرێیت، ئەوان لێپرسینەوە و سەرزنشتت دەکەن، یان توندکردن و قورسکردنی ئەو کارانەی خۆی ئاسانە و لە بنەرەتدا پێویستە بە ئاسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین. کەواتە ئەم کەسە بەهۆی ئاسۆی تەسکی بیرکردنەوە و ڕێبازو بەرنامەی هەڵە و بەکارهێنانی شێوازی توند لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا، لەبری ئەوەی چارەسەری هەڵەکان بکات خراپتری ئەکات، چونکە چارەسەرکردن پێویستی بە هۆشیاری و شێوازو ڕەفتاری نمونەیی هەیە (حسن،2017: 13-17).

سوربوون لەسەر بوون بە سەرکردە، واتە هەوڵ دەدات هەژمونی خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنیت، بەمەبەستی بەدەستهێنانی پێگەو ناوبانگ، بۆ ئەمەش لەلایەك هێزو گوتاری زبر بەکاردەهینێت دژ بە کەمینەکان لە کۆمەڵگا، لەلایەکی دیکەوە هەڵدەستێت بە دورخستنەوەی هەموو ئەوانەی بەرەنگاری ئایدۆلۆژیای گروپە پەرگیریەکەیان دەبنەوە (سراج الدین،2015: 92). حەز بە دیالۆگ و مشتومڕی ئارام ناکات، بەتایبەت ئەگەر ئەو دیالۆگە بگاتە خاڵی یەکلاکەرەوە لە جیاکردنەوەی ڕاستی لە ناڕاستی یان پوچییەتی، واتە زۆر توندە لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیدا و بەشێوازێکی توندیش مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا دەکات، هەروەك کەسێکی نەزان وخودپەسەند و لەخۆباییە و شانازیش بە زیرەکی و توانای خۆیەوە دەکات (ابراهیم،2008: 249).

خستنەڕووی ڕواڵەتەکانی پەرگیری هزری، بۆ ناسینەوەی ئەو کەسانەیە کە هەڵگری خەسڵەت و ڕواڵەتەکانی ئەم دیاردەیەن، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت ئاسانتر کەسە پەرگیرەکان لە کەسە ئاساییەکان جیابکرێتەوە. هەروەك ڕێگەخۆشکەریشە بۆ پۆلێنکردنی کەسە پەرگیرەکان، بەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی ورد و زانستی ڕواڵەتی پەرگیرەکان لەڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتیی و هزری و دەروونی و پەروەردەییەوە باسکراوە، ئەمەش مانای وایە کەسە پەرگیرەکان خاوەنی کۆمەڵێ ڕواڵەت و خەسڵەتی جیاوازن و مامەڵە و ڕەفتارو بیرکردنەوەیان لەیەکتر جیاوازە. واتە وەکو چۆن لە خەڵکی ئاسایی جیاوازن، بەهەمان شێوەش لە نێو خۆیشیاندا جیاوازن و دەکرێت گروپ گروپیش جیابکرێنەوە، بۆنمونە گروپێك دۆگما و دەمارگیرن، گروپێکی دی بەدگومان و ڕەشبینن، گروپێکی دی دژی کەلتورو بەهاکانی کۆمەڵگان، بەشێکی دیکەیان لە ئاییندارییدا زیادەڕەویی دەکەن و سنوری میانڕەوی ناوەندگیری تێدەپەڕێنن، کۆمەڵێکی دیکەشیان حەزی دوژمنایەتی و تۆڵەسەندنەوەو بەکارهێنانی هێزیان هەیە.

لەلایەکی ترەوە هەندێ لەو ڕواڵەتانەی باسکران دەکرێت لە کەسانی ناپەرگیریشدا هەبێت، وەکو متمانەبەخۆنەبون، هەڵەشەیی،گۆشەگیریی، لاساییکردنەوە، ڕەشبینیی، خودپەسەندیی، لەخۆباییبوون، پیرۆزکردنی خەڵك...، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە پەرگیرەکان لەپاڵ ئەم خەسڵەتانەدا کۆمەڵێ خەسڵەتی دیکەی پەرگیری هزرییان هەیە و پێکەوە کاریگەری مەترسیداریان دەبێت، یان ئەم خەسڵەتانە بەردەوام بە گوفتارو کردار پراکتیزەی دەکەن و زۆر بە زەحمەت چارەسەر دەکرێن، چونکە گوێ ناگرن و توانای تێڕامان و بیرکردنەوەیان نییە،هەربۆیە ئەم ڕواڵەتانە لەسەر ئەمان زیاتر لە شێوەی پەرگیری هزریدا دەردەکەویت، بەڵام لە کەسانی ناپەرگیردا وەکو گرفتێکی کۆمەڵایەتی یان دەروونی دەردەکەوێت.

باسی پێنجەم/ کاریگەرییەکانی پەرگیری هزریی:

پەرگیری هزریی، دیاردەیەکی هەنوکەییە و لەسەردەمی جیهانگیریدا کاریگەری و دەرهاویشتەی گەورەی ناوخۆیی و دەرەکی وهەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە. واتە پەرگیری دیاردەیەکی جیهانییە و تەنها لە ئاینێك یان دەوڵەتێك یان نەتەوەیەك یان گەلێك کورت ناکرێتەوە، بەڵکو بەهۆی ئەو کاریگەرییانەی لەسەر ئاستە جیاوازەکانی مافی مرۆڤ و ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەکی دەوڵەتان بەجێی دەهێڵێت لەهەموو کۆمەڵگاکاندا کاریگەری هەیە، هەروەها کاریگەری گەورەو مەترسیداریشی لەسەر تاك و گروپ و کۆمەڵگا هەیە، هەڕەشەش لە ئاسایش و هێمنی تاکەکان دەکات و ئازادی بیروباوەڕو بیرکردنەوەیان زەوت دەکات، لەڕێگەی سەپاندنی کۆمەڵێ بۆچون و بیروباوەڕ بە بەکارهێنانی هێزو توندوتیژی.

لەم توێژینەوەیەدا کاریگەرییەکانی پەرگیری هزریی لەسەر تاك و گروپ وخێزان و کۆمەڵگا لەم چەند خاڵەدا دەخەینەڕوو، کە بریتین لە:

یەکەم/ کاریگەری لەسەر خودی کەسە پەرگیرەکە:

مرۆڤ پێویستە خاوەن بیرکردنەوەیەکی جێگیر بێت، بەڵام کەسی پەرگیر ئەو جێگیرییەی نییە، بەڵکو توشی دابڕان دەبێت، ئەمەش کاریگەری دەروونی خراپی لەسەر نەستی دەبێت، پەیوەندیشی لەگەڵ کۆمەڵگاکەیدا تێك دەچێت، چونکە بەها و هاوسەنگی لەدەست دەدات و تێڕوانینێکی نامۆ و هەڵەی بۆ واقیعی کۆمەڵگاکەی دەبێت. هەروەها لەڕووی هزرییەوە نائاسایی و لەڕووی تەندروستیی و ژیرییەوە ناتەندروستە، هەروەك کەسێکی لەخۆباییە و زۆر سەرسامە بەڕای خۆی، بەرنامە و هزرەکەشی بە تەواو و بێ کەموکوڕی دەزانێت، واتە کەسێکە نە جێگیری هزری هەیە و نە میانڕەوە لە تێگەیشتندا، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم کەسە لە سروشتی خۆی دەرچووە و بووە کەسێکی گوماناوی و پاشکەوتوو و ژێردەستە و بەردەوامیش لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانیدا دەژی (حسن،2015: 268).

پەڕگیری هزریی، وەکو چۆن سەرەتا بەهۆی دەمارگیری و بیرکردنەوە و تێڕوانینی دۆگمایی و چەقبەستوویی تاکەکانەوە سەرهەڵدەدات، بەهەمان شێوە کاریگەریەکانی هەر لەسەر خودی تاکەکان زیاتر ڕەنگدەداتەوە، بەجۆرێك دەبێت بە تاکێکی گۆشەگیر و نامۆ و ڕاڕا و بەدگومان و بەردەوامیش لە دڵەڕاوکێدا دەژی، وەکو کەسێکی نامۆ و پەرگیر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، هەروەها توانای داهێنان و نوێگەری نامێنێت.

دووەم/ کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاکەکان:

لە زانستەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسیدا، ڕەفتاری مرۆیی دەرخەری کەلتورو ڕەنگدانەوەی هزرە، واتە پەڕگیری هزریی تەنیا لە چوارچێوەی هزردا نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتاریش هەیە. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر پەڕگیری هزری حاڵەتێکی ناتەندروست و نائاسایی هزری بێت، ئەوا ڕواڵەتێکی ڕەفتاری ناتەندروست و نائاسایشی دەبێت. هەروەك کاریگەری نەرێنیشی لەسەر دەوروبەرو کۆمەڵگا دەبێت، وەکو بڵاوبونەوەی توندوتیژی و شەڕخوازی، کە مەترسی گەورە لەسەر کۆمەڵگا دروست دەکەن، چونکە پەڕگیری هزریی وزە ئەرێنییە مرۆییەکان بۆ ژیان و هەستکردن بە جوانییەکان پەکدەخات، لە بەرانبەردا کار لەسەر ململانێ و دروستکردنی دوژمنایەتی دەکات، ئەمەش ئارامی و گەشەی کەلتوری و شارستانی کۆمەڵگاکان دەشێوێنێت (الريان،2020: 157). کەواتە ئەنجامدانی ڕەفتاری پەرگیرانە هۆکارە بۆ دورکەوتنەوەی تاکەکان لە نەریت و بەها و کەلتوری باوی کۆمەڵگا و پڕاکتیزەکردنی کۆمەڵێ هزرو ڕەفتاری نامۆ و پەسەند نەکراو لە کۆمەڵگادا.

سێیەم/ کاریگەری نەرێنی لەسەر لەسەر ئاسایش و گەشەی کۆمەڵگا:

ڕەگەزە پێوەرییەکان بنچینەی پێکهێنانی سیستەمی کۆمەڵایەتییە بۆ بەردەوام بوون و سەقامگیری سیستەمەکانی کۆمەڵگا، ئەم پێوەرانە وەك چۆن ڕۆڵی ئەرێنیان هەیە، ڕۆڵی نەرێنیشیان هەیە. لەبەرئەوەی پەڕگیری هزریی پشت بە پێوەرە نەرێنییەکان دەبەستێت، نارێکی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵگا دروست دەکات، بەهۆی لادان لە میانڕەوی و تێگەیشتن و جێگیری لە بیرکردنەوەدا،هەربۆیە ئەم پێوەرە نەرێنیانە کاریگەری لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی و پێوەرە ئەرێنییەکان دەبێت .

پڕاکتیزەکردنی ڕێبازێکی پەرگیرانە لەلایەن گروپە پەرگیرەکانەوە فاکتەری نەبوونی ئاسایش و هێمنی و سەقامگیری کۆمەڵگا و ئەنجامدانی تاوانە ڕێکخراوەکانە، وەکو بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە، بازرگانی کردن بە کۆیلەوە، بازرگانی کردن بە پارەو نەوتەوە بە نایاسایی، تاوانی ڕفاندن و داواکردنی پارە لە بەرانبەر ئازادبوندا....،کەواتە گروپە پەرگیرەکان ئامانجی سەرەکیان بریتییە لە دروستکردنی ناسەقامگیریی ناوخۆیی و ختوکەدانی دەوڵەتەکان بۆ ئەوەی کاردانەوەی توندیان هەبێت و ئاگری ئاژاوە لە کۆمەڵگا سەقامگیرەکاندا دروست بکەن (بوشامة،2019: 32-34). لەلایەکی ترەوە پەڕگیری هزریی دەبێتەهۆی پەشێوی ئابوری و دروست بوونی قەیرانی ئابوری کاتی، وەکو بڵاوبونەوەی بێکاری و نەبوونی هەلی کارو زیادبونی هەژاری و بێبەشبوون لە ژیانێکی باش و شایستە، هەروەها پەڕگیری هزری هۆکارە بۆ لەناوبردن و کوشتنی گیانی تاکەکانی کۆمەڵگا و شێواندنی ئاسایشی وڵات، واتە تاکەکان لە بری پارێزگاری لە وڵاتەکەیان ڕقیان لە وڵاتەکەیان دەبێتەوە و دەبنە فاکتەری تێکدان و وێرانکردنی دامەزراوەکانی ( ناجم،2017: 217).

دەتوانین بڵێین بڵاوبونەوەی پەڕگیری لە نێو تاك و گروپ و خێزانەکاندا، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایش و ئارامی و ئاشتی و سەقامگیری کۆمەڵگا و لایەنە جیاوازەکانی پرۆسەی گەشەپێدانی بەردەوام دەبێت، کۆمەڵگا پڕ دەکات لە ڕق و کینە و توندوتیژی و ململانێ و دوژمنایەتی و ئاژاوە و لادان و تاوان.

چوارەم/ کاریگەری لەسەر هزرو عەقڵییەتی تاکەکان:

ئەو دەمارگیرییەی بۆ کەسێتییەکان یا ڕێبازەکان یان گروپەکان هەیەتی، وای لێ دەکات ڕاستییەکان نەبینێت و بە عەقڵ و لۆژیکی ئەوان بیربکاتەوە، هەر بۆچۆنێکیش ڕەتدەکاتەوە کە ناکۆك بێت لەگەڵ ئەوەی پەسەندی کردووە، ئەمەش لێکترازانی زیاتر لە کۆمەڵگادا دروست دەکات و بەرەو ناکۆکی و ململانێ و جەنگ لە نێوان تاکەکانی یەك کۆمەڵگا هەنگاو دەنێت،هەندێ جاریش ناکۆکیان لەگەڵ ئەوانی تردا تا دەرکردن و لەناو بردن دەڕوات، یان ستایشکردنی ئەوانەی هاوڕان لەگەڵیدا تا پلەی پیرۆزکردن دەیانبات. ئەم جۆرە بیرکردنەوانە لە داهاتودا عەقڵیەتی تاك ڕەهەندی بەرهەم دێنیت، کە ئەم جۆرە عەقڵیتە تەنها لە ڕوانگەی سۆزمەندییەوە لە ڕاستییەکان دەڕوانێت، هەربۆیە گەل و وڵات بەرەو چەندین ئاژاوەو شۆڕشی چەکداری دەبات، هەروەها عەقڵیەتێك بونیاد دەنێت کە لە یەك ڕەهەندەوە لە شەرع و واقع دەڕوانێت و سوریشە لەسەر ئەوەی ئەو تێڕوانینانەی ڕاستییەکی ڕەهایە. ئەوەی یارمەتی گەشەکردنی عەقڵیەتی تاك ڕەهەندی داوە لای کەسانی پەرگیر،هەژاری ژینگە سروشتیی و کەلتورییەکەیە، بە مانای لاوازی باکگراوندی زانستی و لۆژیکی لە شرۆڤەکردنی گرفتەکان و چارەسەرکردنی قەیرانەکاندا، واتە بیرکردنەوەیەکی تەسکی هەیە، کە خۆی لە هەندێ زانیاری و ئەزمونی ژیاندا دەبینێتەوە.هەروەها عەقڵیەتی تاك ڕەهەند ناتوانن دیالۆگێکی هێمن ئەنجام بدەن یان قبوڵ ناکەن ڕەخنەیان لێ بگیرێت، چونکە ڕاستییەکانیان بۆ خۆیان پاوانکردوە و هەرکەسیش ناکۆك بێت لەگەڵیان تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستن (القحطاني،2005: 25-27). ئەم جۆرە عەقڵیەتە زیانێکی زۆری بە کۆمەڵگاکان گەیاندووە، بەڵام کاریگەرییەکەی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە،ب ە پێی ئاستی هۆشیاری تاکەکان، واتە تەنیا لەو شوێنانە زیاتر گەشە دەکات کە عەقڵیەتییان تاك ڕەهەندە ،چونکە ئەو کەسانەی ئەم عەقڵییەتەیان هەیە تێڕوانینێکی ڕوکەشیان هەیە و توانای شیکارییەکی قوڵیان نییە، بێ تواناشن لە گەشەپێدانی هۆشیاری و زانینی پاڵنەرەکانی ئەوانی دی, ئەم هەژاری هزرییە وایان لێ دەکات توانای دیالۆگ و لێبوردەییان نەمێنێ و بەرەو ڕەفتاری شەڕخوازی هەنگاو بنێن.

پێنجەم/ کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان:

کاتێك پەرگیری هزریی لە حاڵەتێکی تاکایەتییەوە دەگۆڕێت بۆ حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی نەرێنی دەبێت لە شێواندنی ڕاستییەکان و چەواشەکاری و لێدان لە سیستەمی بەها و پێوەرەکان، ئەمەش دەبێتەهۆی دروست بوونی کێشمەکێشی ئاینیی و سیاسیی و ڕۆشنبیریی لە کۆمەڵگادا.هەروەها کاریگەری نەرێنیشی لەسەر بونیادی سیاسیی و شارستانیی و ئابوریی کۆمەڵگا دەبێت، لەوکاتەی دەبێتە بەربەست لە بەردەم ڕێڕەوی گەشەکردنیاندا. هەروەها دەبێتەهۆی لێکترازانی خێزان و نەمانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دروست بوونی چەرمەسەری بۆ خێزانەکان لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ تاکە پەرگیرەکانیاندا، لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی کەلتوری توندوتیژی و دادڕانی یەکریزی کۆمەڵگا و دروست بوونی نارێکی لە پێکهاتەی کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ناسەقامگیری و بڵاوبونەوەی ترس و تۆقاندن و تیرۆر،واتە بڵاوبونەوەی ئەو هزرو ڕەفتارانەی پێچەوانەی بەهاو بنەماکانی کۆمەڵگایە، ئەمەش فاکتەرە بۆ لەدەستدانی وزەی گەنجەکان کۆمەڵگادا، کە لە بونیادنانی کەلتوری و ئابوری کۆمەڵگادا پشتیان پێ دەبەسترێت (الشريفي,2019: 297).

پەرگیرەکان بەهۆی گوفتارو ڕەفتارە نامۆکانیانەوە پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان بەرەو هەڵوەشانەوە دەبەن و گرفت و کیشمەکێشی زۆر بۆ خێزانەکان دروست دەکەن، وەکو لێکترازانی خێزان، نەمانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، جیابونەوە،توندوتیژی، گرفتی پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی،گرفتی ئاینی...، هەموو ئەمانەش لەلایەك دەبێتەهۆی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی خێزان،لە لایەکی دی دەبێتە هۆی دابڕانی پەرگیرەکان لە خێزان و کۆمەڵگا و هەندێ جاریش ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاری.

شەشەم/ کاریگەری نەرێنی لەسەر ئایین:

ئایین بانگەشەی بۆ دادگەری کردووە لە ڕێگەی ئەو پێوەرو بەهایانەی کە خەڵك بۆ دادپەروەری هاندەدات، بۆ ئەوەی کۆمەڵگای مرۆیی سەقامگیری و دادگەری تیدابێت، ئەمەش لەڕێگەی بەهای دادپەروەری و شەریعەتی دادپەروەری و ڕەفتاری دادپەروەریەوە بەدی دێت، کە قورئانی پیرۆز بەڕێگای ڕاست گوزارشتی لێکردووە. خودای مەزن لە ئایەتی 25ی سورەتی حدید دەفەرموێت: (لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ)،واتە سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرانی خۆمانمان ناردووە بە بەڵگەو موعجیزەی ڕوونەوە وە کتێبی ئاسمانی و تەرازوی دادمان لەگەڵدا ناردن بۆ ئەوەی خەڵکی بە دادگەری ڕەفتار بکەن لەنێو خۆیاندا.

پەرگیری هزریی، پێچەوانەی دادگەرییە و لادانە لە ناوەندگیریی کە خودا بۆ موسڵمانانی داناوە، دەرچوونیشە لەڕێگای ڕاست و مرۆڤ ڕووبەڕووی سزا و تەنگانە و ناخۆشی دەکاتەوە، هەربۆیە ئەگەر بەتەواوی پابەندبن بە قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر محمد ( د.خ)، ئەوا ڕێگای ڕاست هەڵدەبژێرین کە ڕێگای دادگەرییە و دژی پەرگیری هزریش دەبین (الريان،2020: 160). بەڵام ئەوەی دەیبینین هەڵگرانی بیری پەرگیری وەك پێویست لە دەقەکان تێنەگەیشتوون و تەنها کار بەو دەق و فەرموودانە دەکەن کە خزمەت بە هزرە پەرگیرەکانیان دەکات،ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر گوفتارو ڕەفتاریان دەبێت و گرفت بۆ خێزان و کۆمەڵگا دروست دەکەن و دەبنە کۆسپ و لەمپەر لە بەردەم گۆڕانکاری و گەشەی ئەرێنی لە کۆمەڵگادا.

حەوتەم/ کاریگەری لەسەر مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا:

لە ئێستادا، هەردوو چەمکی سەروەری یاسا و مافی مرۆڤ دوو چەمکی پێکەوە گرێدراون و پاڵپشتی یەکتر دەکەن، پێکەوە کاردەکەن بۆ یارمەتیدانی کۆمەڵگاکان بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندی تاك و گروپەکاندا. بەڵام پەرگیری هزری لە جیهاندا هەڕەشە لە سەروەری یاسا و مافی مرۆڤ دەکات، چونکە پەرگیری هەڕەشەیە بۆ سەر هەموو ئایین و ڕەگەز و نەتەوەو کەلتورەکان، مەترسیشە بۆسەر ئاسایش و خۆشگوزەرانی و شکۆی تاکەکان، کە لە وڵاتە پێشکەوتوو و تازەگەشەسەندووەکاندا دەژین،هەروەها کاریگەری لەسەر ژن و منداڵ و گروپە ڕەگەزی و ئاینییەکان هەیە، هەروەك کاریگەری لەسەر پێگەی ئایینی و مێژوویی و ڕۆشنبیریی و کەلتورو شوێنەوارەکان هەیە.

پەرگیری لەو ژینگانەدا گەشە دەکات کە کارگێڕی خراپە، کەموکوڕی لە سیستەمی دیموکراسیدا هەیە، گەندەڵی سیاسی و کارگێڕی و سیاسەتی سەرکوتکردن هەیە، واتە هەموو کارەکان بە ئاراستەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەروەری یاسایە. هەربۆیە پەرگیرەکان ئەم دۆخە خراپە دەقۆزنەوە بۆ ڕاکێشانی خەڵك و هاندانیان بۆ متمانە نەکردن بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا و ئەنجامدانی تاوان و پێشێلکارییەکان (بوشامە،2019: 35-37). کەواتە پەرگیرەکان دژ بە سەروەری یاساو مافی مرۆڤن و هەوڵی بێ بایەخ کردنی دەدەن، چونکە دژ بە ئامانج و بەرژەوەندییەکانیانە، بەڵام پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەروەرنەبوونی یاسا هەڕەشەیەکی مەترسیدارە لە سیستەم و دامەزراوە ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و کەلتوری و ڕۆشنبیریەکانی کۆمەڵگا.

هەشتەم/ کاریگەری لەسەر کارو داهێنان و بەرهەم هێنان:

گرنگترین ڕەگەز لە هێزی بەرهەمهێناندا، مرۆڤی کارکەرە،پ یویستە مرۆڤ توانا عەقڵییەکانی گەشەپێبدات تاوەکو توانای داهێنان و نوێگەری هەبێت، بەڵام ئەگەرهزرێکی چەقبەستویی هەبێت و توانای بیرکردنەوەو کاری عەقڵانی نابێت، هەروەك چەقبەستویی و داخراوی عەقڵیی، هۆکارە بۆ لەکارکەوتنی توانا هۆشمەندییەکان و نوێگەری و داهێنان و دۆزینەوەی چارەسەری نوێ لە جیهانی گۆڕانکارییە خێراکاندا. هەروەها پەرگیری هزری دەبێتە هۆی دواکەوتن و هەرەسهێنانی شارستانی و ڕۆشنبیری و هونەری و داهێنان لە بوارە جیاوازەکاندا، چونکە ئەگەر مرۆڤ گەشە بە توانا عەقڵییەکانی بدات، دەتوانێت داهێنان و نوێگەری بکات، بەڵام ئەگەر دیلی هزرە چەقبەستووەکانی بێت،توانای بیرکردنەوەو کاری عەقڵانی و ژیاندۆستی نابێت و دەبێتە هەڕەشەیەکی بەردەوام لەسەر کۆمەڵگا و هەوڵی داڕوخان و تێکدانی دەدات (علام،2017: 7).هەموو ئەمانەش پرۆسەی گەشەو پێشکەوتنی کۆمەڵگا دوا

دەخات، چونکە پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەك پەیوەستە بە توانا و داهێنانی تاکەکانییەوە، بەڵام پەرگیرەکان کەسانی دۆگما و دەمارگیرن و توانای داهێنان و نوێگەری و بیرکردنەوەی ئەرێنیان نییە و لەچوارچێوەی هزرێکی چەقبەستودا هەڵسوکەوت دەکەن.

نۆیەم/ کاریگەری لەسەر کارو بارمەتییە مرۆییەکان:

پەرگیری هزریی، تواناو وزە مرۆییەکان پەکدەخات و لەململانێ و دوژمنکاریدا بەکاریان دەهێنیت، ئەمەش دەبێتەهۆی دەمارگیریی و رق و کینەو ترس. زیادبونی ڕێژەی شەرخواز و پەرگیرەکان، زیادبوونی ڕێژەی پەنابەران و هەڵکەندنیان لە شوێن و ماڵیان و دروست بوونی دۆخێکی ڕاراپی و نەخوازراوبۆیان، چونکە ناتوانرێت بارمەتی و کۆمەکە ناوخۆیی و دەرکییەکانیان بەدەست بگات، بەهۆی ئەوەی ناوچەکانیان لەلایەن گروپە پەرگیرەکانەوە داگیرکراوە. ئەمەش دەبێتە هۆی بە هیلاك چونی ئەو پەنابەرانەو هەندێ جار مردنیان بەهۆی نەمانی پێداویستییە سەرەکییەکانەوە (بوشامة،2019: 37-38)، بە تایبەت لەم دواییەدا بەهۆی شەری داعش لەم ناوچانەدا ڕێژەی پەنابەران بەڕادەیەکی زۆر زیادی کرد، لەگەڵ ئەوەی لەماڵ و جێگەی خۆیان هەڵکەنرابوون، لە هەمان کاتدا لە دۆخێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوری سەختدا دەژیان،هەموو ئەمانەش گروپە پەرگیرەکانی وەك داعش لێی بەرپرس بوون.

## ئەنجامەکان

1- هۆکارە خێزانیی و کۆمەڵایەتییەکان، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەرگیری هزریی، بەهۆی لاوازی ڕۆڵی خێزان لە پەروەدەکردنی منداڵ و سستی لە چاودێری کردنیان و ونبوونی ڕۆڵی خێزان لە چاندنی بەها ئەرێنییەکان لە ناخی تاکەکاندا، نەبوونی پرۆسەی پێگەیاندنی وردو دروست لە خێزاندا و ڕەچاونەکردنی پێداویستیە تایبەتیەکانی ئەندامانی خێزان و لاوازی گفتوگۆو دیالۆگ لە نێوان ئەندامانی خێزان، هەروەها داڕوخانی پەروەردە و ئاکاری تاکەکان بەهۆی بێ بەشبوونی منداڵەکان لە چاودێری دایك یان باوك یان هەردووکیان.

2- هۆکارە دەروونییەکان، ڕۆڵێکی گەورەیان لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی دیاردەی پەرگیری هزرییدا هەیە، غەریزەی ساناتۆس و حەزی وێرانکردن و شەڕخوازی، لاوازی منی باڵا بە مانای زاڵبونی خودی ئارەزوو یان دەروونی خراپەکار بەسەر کەسایەتییەکی مرۆڤدۆستدا، لەگەڵ بێ هیوابوون لە بەدیهێنانی هەندێ ئامانج یان گەیشتن بە بە پێگەیەکی خوازراو، کە بەهۆیەوە بەشێك لە گەنجان هەست بە خەمۆکی دەکەن،هەندێکی دیکەیان یاخی دەبن و ڕەفتاری شەڕخوازی و پەرگیری دەنوێنن.

3- ئەو هۆکارە ئاینییانەی دەبنە هۆی خولقاندنی دیاردەی پەرگیری هزریی، بریتین لە زیادەڕەویی لە ئاییندا،کە خۆی لە لە پابەندبوونی تەواو بە دەقە ئاینییەکانەوە دەبینێتەوە، بێ گوێدانە هۆکاری دابەزاندنی و ڕای زانایان و تێگەیشتنی ورد لە دەقەکان، هەروەها نەبوونی پاشخانێکی زانستی و ئاینیی یان کەمی چاوگە ئاینیی و زانستیە باوەڕپێکراوەکان کە هۆشیاری ئاینیی بڵاودەکەنەوە، هەروەك هەندێ لە سەرچاوە زانستییەکان، کەلتوری بێ سەروبەری و توندوتیژی زاڵە بەسەریاندا،نەبوونی تێگەیشتنی قوڵ و هۆشیاری ئاینیی و ڕێزنەگرتن لە مافی کەمە ئاینییەکانی کۆمەڵگا، هەروەها یەکنەخستنی گوتاری ئاینیی لەلایەن دامەزراوە ئاینییەکانەوە، بە تایبەت گوتارە ئاینییە دەمارگیریەکان، کە پشت بە ڕاڤە و لێکدانەوەی هەڵە دەبەستیت، لەگەڵ گاڵتە و سوکایەتیکردن بە هەستی ئاینیی موسڵمانان، واتە سوکایەتی بە بیروباوەڕو دروشم و سروت و بەهاو ئاکارەکانیان دەکرێت.

4- کەموکورتی لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردندا بە گرنگ دادەنرێت لە گەشەکردنی پەرگیری هزرییدا، کەمتەرخەمی لە شێوازەکانی پەروەردەکردندا، زۆر نازپێدان، فەرامۆشکردن، بەکارهێنانی توندوتیژی و هێز لە پەروەردەکردندا، هەروەها گرنگی نەدان بە چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی خوێندکاران و ڕەچاونەکردنی جیاوازییە تاکییەکان لە نێوان خوێندکاران و نەبوونی پەیوەندی لە نێوان خێزان و سیتەمی فێرکردندا، هەروەك خراپی کوالێتی پرۆگرامەکانی پەروەردەو فێرکردن لە قوتابخانەکاندا و بوونی میتۆد و شێوازی وانەوتنەوەی کۆن و نەگونجاو لە زانکۆکاندا کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا ناگونجێت.

5- هۆکارە ئابوری و سیاسیەکانیش کاریگەرن لە ڕوودانی پەرگیری هزرییدا، کە هۆکارە ئابورییەکان بریتین لە نایەکسانی لە دابەشکردنی سەروەت و سامان و جیاوازی گەورە لە نێوان چینەکاندا، واتە کۆمەڵێك خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆرن، کۆمەڵێکی دی لە ژیانێکی سەختدا دەژین، زۆربوونی باج و پابەند بوونە داراییەکان لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا و هەژاری و بێکاری و سەختی بژێوی ژیان، بە هۆیەوە گەنجان لە ڕەوشیکی ئابوری خراپدا دەژین و پێویستیە سەرەکییەکانیان بۆ پرناکریتەوە.هەرچی هۆکارە سیاسییەکانە خۆی لە بەکارهینانی ستەمکاری و سەرکوتکردن لە بری گفتوگۆ و ڕاوێژ بۆ سەپاندنی بیروڕاو تێڕوانینەکان،فەرامۆش کردن و فەراهەم نەکردنی ماف و پێداویستییەکانی خەڵك، نەبوونی ئازادی و دادگەری و بەکارهێنانی سزاو بەندیخانە، زەوتکردنی مافە سیاسی وکۆمەڵایەتی و داراییەکان، تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتی زۆربەی ڕژێمە سیاسیەکان، بوونی قۆرخکاری گەندەڵی کارگێری و ئاکاری، لاوازی دەسەڵات و خراپی دۆخی ئاسایش و سەقامگیری، شکستە سیاسی و سەربازییەکان، تێکچونی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵك.

6- میدیا لەرێگەی کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پاڵپشتی کردنی پەرگیری هزریی. بەشێك لە کەناڵە ئاسمانییەکان لە پرۆگرام و فیلم و هەواڵەکانیاندا ڕق و دەمارگیری و پەرگیری و کوشتن و ئازاردان و وێرانکاری لە بڵاودەکەنەوە، چونکە ئامرازە جیاوازەکانی میدیا برەو بەو گوتارە ئاینی و تایفی و ڕەگەزی و نەتەوەییانە دەدەن و دژی ناوەندگیری و میانرەوی هزری و ئاینی و کۆمەڵایەتین. پێگە ئەلیکترۆنییەکانیش وێنەو بەرنامەی توندوتیژ و تاوانکاری پێشان دەدەن و گەنجانیش لاساییان دەکەنەوە. هەروەك پەشیوی لە بواری ڕۆشنبیریدا هۆکارێکی تری پەرگیری هزرییە، بە تایبەت لە ئێستادا چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی وەکو ئەدەب و سینەماو شانۆو میوزیك و هونەر لە دۆخێکی شلەژاودایە.

7- ئەو کەسانەی پراکتیزەی پەرگیری هزریی دەکەن بە هزرو ڕەفتار یەکێك یان چەند ڕواڵەتێکی پەرگیری هزرییان تێدا بەرجەستە دەبێت، لەوانە: دۆگما و چەقبەستوون و دان بە بیروڕای ئەوانی دیکەدا نانێن و توانای دیالۆگیان نییە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، لە هەموو بابەت و گرفتە ئالۆزەکاندا ڕای تایبەتی خۆیان هەیە و سوریش لەسەر بیروڕاکانیان و بە تۆبزی و هێز بەسەر ئەوانی دیکەدا دەیسەپێنن، بە سەنتەرکردنی کەسێتی و گروپ و پارتەکان و لاسایی کردنەوەی کوێرانەیان، هەندێ جار سەردەکێشێ بۆ پیرۆزکردنی هەندێ سەرکردەو سیمبول، زبری و ڕەق لە ستایل و مامەڵەکردندا، واتە لە کاتی ڕێنمایی کردنی خەڵکدا شێوازێکی توند بەکاردەهێنێت،بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ڕێگەیەکی نایاسایی و ناکۆك لەگەڵ نەریت و بەهاکان دەگرنەبەر،وەکو کوشتن،وێرانکاری، حەزی دوژمنایەتی و تۆڵەسەندنەوە و توندوتیژی و شەڕخوازی و تیرۆر.هەروەها لە بڕیارداندا گەمژەو بە پەلەن،کەسێتیان لاوازەو متمانەیان بەخۆیان نییە، لەڕووی ئاستی ژیری و مەعریفییەوە،توانای تێرامان و بیرکردنەوەیان نییە، لە بیروباوەڕو ڕەفتاردا سنوری میانڕەوی تێدەپەڕێنن،هەروەها بڕوایان بە تیرۆرو توندوتیژی هەیە وەك ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، حەز بە دیالۆگ و مشتومڕی ئارام ناکەن، نەزان وخودپەسەندو لەخۆباییێن و شانازیش بە ژیری و توانای خۆیانەوە دەکەن.

8- پەرگیری هزریی، کاریگەری لەسەر خودی کەسەکە و ڕەفتاری دەبێت، بە جۆرێك بیرکردنەوەیەکی جێگیری نابێت و توشی دابڕان دەبێت، ئەمەش کاریگەری دەروونی خراپی لەسەر نەستی دەبێت، پەیوەندیشی لەگەڵ کۆمەڵگاکەیدا تێك دەچێت، لەڕووی ڕەفتاریشەوە وزە ئەرێنییە مرۆییەکان بۆ ژیان و هەستکردن بە جوانییەکان پەکدەخات، لە بەرانبەردا کار لەسەر ململانێ و دروستکردنی دوژمنایەتی دەکات. هەروەها کاریگەری لەسەر هزرو عەقڵیەتی تاکەکان دەبێت و وای لێ دەکات ڕاستییەکان نەبینێت و هەر بۆچۆنێکیش ڕەتدەکاتەوە کە ناکۆك بێت لەگەڵ ئەوەی پەسەندی کردووە، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە لە داهاتودا عەقڵیەتی تاك ڕەهەندی بەرهەم دێنیت، کە ئەم جۆرە عەقڵیتە ناتوانن دیالۆگێکی هێمن ئەنجام بدەن و قبوڵیشی ناکەن ڕەخنەیان لێ بگیرێت،چونکە ڕاستییەکانیان بۆ خۆیان پاوانکردوە و هەرکەسیش ناکۆك بێت لەگەڵیان تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستن.

9- کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایش و گەشەی کۆمەڵگا دەبێت و نارێکی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵگا دروست دەکات، هەروەها دەبێتەهۆی بڵاوبونەوەی بێکاری و نەبوونی هەلی کارو زیادبونی هەژاری، لەناوبردن و کوشتنی گیانی تاکەکانی کۆمەڵگا و شێواندنی ئاسایشی وڵات، هەڕەشەش لە سەروەری یاسا و مافی مرۆڤ دەکات،چونکە پەرگیری هەڕەشەیە بۆ سەر هەموو ئاین و ڕەگەز و نەتەوەو کەلتورەکان،هەروەها مەترسیشە بۆسەر ئاسایش و خۆشگوزەرانی و شکۆی تاکەکان.

10- کاریگەرییە کۆمەڵایەتیی و خێزانییەکانی پەرگیری هزری خۆی لە لێدان لە سیستەمی بەها و پێوەرەکان و دروست بوونی کێشمەکێشی ئاینی و سیاسی و ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگادا دەبینێتەوە، هەروەها دەبێتەهۆی لێکترازانی خێزان و نەمانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی چەرمەسەری بۆ خێزانەکان لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ تاکە پەرگیرەکانی نێو خێزانەکاندا.

11- چەقبەستوێی و داخراوی عەقڵیی، هۆکارە بۆ لەکارکەوتنی توانا هۆشمەندییەکان و نوێگەری و داهێنان و دۆزینەوەی چارەسەری نوێ لە جیهانی گۆڕانکارییە خێراکاندا، هەروەها دەبێتە هۆی دواکەوتن و هەرەسهێنانی شارستانی و ڕۆشنبیری و هونەری و داهێنان لە بوارە جیاوازەکاندا،هەروەك تواناو وزە مرۆییەکان پەکدەخات و لەململانێ و دوژمنکاریدا بەکاریان دەهێنێت.

## سەرچاوەکان


1. قورئانی پیرۆز, سورة الحديد, الاية 25.
2. ابراهيم, ابو الحسن عبد الموجود (2008): ديناميات الانحراف و الجريمة, المكتب الجامعي الحديث, الاسكندرية.
3. باپیر،عەلی (2019): هەڵوەشانەوەی پەرگیری، چاپی دووەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.
4. بكار, عبدالكريم (2015): تفكيك ثقافة الغلو, رؤية للثقافة والاعلام, استنبول.
5. بني سلامة, محمد خلف و محمد فلاح الخوالدة (2017): التحديات التي تواجه الأسرة المسلمة في ظل أزمة المتطرفين دينياً, مجلة دراسات، علوم الشريعة والقانون، المجلد (44) ، ملحق (1),الاردن.
6. بوشامة, خولة (2019): مواجهة التطرف العنيف: تجارب دولية مقارنة, رسالة ماجستير غير منشورة, جامعة 8 ماي – 1945 قالمة, كلية الحقوق والعلوم السياسية, قسم العلوم السياسة.

7. الجراح, اسماعيل محمد عبدالكريم (2017): أثر الملصق الإعلاني في مكافحة التطرف الفكري والإرهاب, رسالة ماجستير غير منشورة, جامعة الشرق الاوسط, كلية العمارة والتصميم, قسم التصميم الجرافيكي.
8. الحبيب, كمال (2019): من التطرف الفكري الى الانتهاك الجسدي الارهابي, بحث المنشور في الموقع الاكتروني https://www.mominoun.com/, تاريخ الزيارة 2020/12/9.
9. حسن, محمد النصر (2015): التربية الوقائية للمؤسسات التربوية في موجهة التطرف الفكري, مجلة دراسات في التعليم الجامعي, العدد الحادي و الثلاثون,القاهرة.
10. حسن، محمود حسن (2017): التطرف الفكري أسبابه ومظاهره وسبل مواجهته دراسة من منظور الكتاب والسنة، ابحاث ووقائع المؤتمر العام السابع والعشرين, المؤتمر الدولي الذي يرعاه المجلس الاعلى للشئون الاسلامية,القاهرة.
11. الدخيل, احمد خلف حسين (2018): الاسرة في مواجهة التلوث الفكري, مجلة دراسات قانونية وسياسية, العدد (12), السليمانية.
12. الريان, جميل أبو العباس زكير (2020): المتطرفون التطرف الفكري - نشأته، وأسبابه، وآثاره، وطرق علاجه, ط2, المركز الديمقراطي العربي للدراسات الإستراتيجية والسياسية والاقتصادية, برلين.
13. سراج الدين, إسماعيل (2015): رؤية ثقافية لمجابهة التطرف والعنف, الهيئة المصرية العامة للكتاب, القاهرة.
14. سلام, هيفاء (2018): المؤسسات التربوية, (رسمية، خاصة، دينية، مدنية)، دورها في منع التطرف العنيف, بحث المنشور في الموقع الاكتروني http://www.awraqtarbawia.net/, تاريخ الزيارة 2020/9/22.
15. السيد, فاطمة خليفة و عبير حسين خياط (2018): التطرف الفكري و علاقته بأحادية الرؤية و الافكار الالية السلبية لدى عينة من طلاب الجامعة,مجلة العلوم التربوية,العدد الاول – ج2, الرياض.
16. الشريفي, لقاء شاكر (2019): التطرف الفكري وانعكاساته الاجتماعية في بغداد, مجلة التراث العلمي العربي, العدد (41), بغداد.
17. عبدوالعزيز,عومەر (2017): توندرەوی و پەرگیری لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
18. علام, رانيا عبدالمنعم (2017): متاحف الفنون لمقاومة التطرف الفكري, المؤتمر الدولي الاول للقصور المتخصصة الموروث الفني والحرفي لغة تواصل بين الشعوب,القاهرة, المصر.
19. علي, سليم كاطع (2020): التطرف الفكري لدى الشباب الجامعي:الاسباب والمعالجات, مركز المستقبل للدراسات الستراتيجية, بحث المنشور في الموقع الاكتروني https://www.mcsr.net/, تاريخ الزيارة 2021/2/21.
20. الغنانيم, ايمان علي (2019): الغلو والتطرف اسباب وحلول في ضوء الاسلام, مجلة جامعة الحسين بن طلال للبحو ث,مجلد (5) ملحق (2), الاردن.
21. الفقهاء, قيس أمين (2016): دور شبكات التواصل الاجتماعي في الترويج للفكر المتطرف من وجهة نظر طلبة الجامعات الاردنية, رسالة ماجستير غير منشورة, جامعة الشرق الوسط, كلية الإعلام, قسم الإعلام.
22. فياض,يحيى احمد محمد (2018): ظاهرة التطرف الفكري ومظاهرها لدى طلبة الجامعة الأردنية وعلاقتها بالعوامل الاقتصادية والاجتماعية والأكاديمية,اطروحة دكتوراه غير منشورة,الجامعة الاردنية,كلية الدراسات العليا,قسم اصول التربية.
23. القحطاني,مسفر بن علي بن محمد (2005): التطرف الفكري... وازمة الوعي الديني,مجلة دراسات الاسلامية,العدد الحادي عشر,الرياض.
24. كامل,عمر عبدالله (2002): المتطرفون خوارج العصر, بيسان للنشر والتوزيع ,بيروت.
25. المعايطة, حمزة و مخلد الزعبي (2020): "الإرهاب والتطرف الفكري" المفهوم ،الدافع ،سبل المواجهة,المجلة العلمية للنشر العلمي, العدد الثالث والعشرون, الاردن.
26. ناجم,مولاي (2017): اثر التطرف الفكري على الفرد و المجتمع,مجلّة العلوم الإسلامية والحضارة, العدد الخامس,الجزائر.
27. هارون, سناء(2016): تجارب وخبرات من المجتمع المصري في مجال تفعيل دور الأسرة بالتعاون مع مؤسسات الدولة للوقاية من التطرف, الملتقى العلمي لكلية العلوم الاجتماعية والإدارة, الملتقى العلمي لجامعة نايف العربية للعلوم الأمنية,الرياض.